*Journal of Language Studies* Vol.8, No.1, 2024, Pages (220-244)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.8.1.10

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Linguistic Impoliteness, and Reputation and Personality in Kurdish Language

**Dr. Rokan Abdullah Mohammed***
**Kurdish language, College of Basic Education, University of Garmian**
rokanabdullah@garmian.edu.krd

**Received:** 16 /8 / 2023, **Accepted:** 17 /9/2023, **Online Published: 31 / 1/ 2024**

## Abstract

This paper entitled "Linguistic Impoliteness, and Reputation and Personality in Kurdish Language" mentions a negative aspect of using the Kurdish language through unethical language usage and linguistic impoliteness by the people who have reputations in Kurdish society and use language in a wrong way that cannot correlate with their personality and reputation. This study discusses those speeches and writings that embody impoliteness of language. Then, the methods and means of spreading this phenomenon and its reasons are discussed with the analysis of this phenomenon in the field of sociolinguistics. Later, this phenomenon is indicated in those who have reputations in Kurdish society mentioning its negative impact on the Kurdish official language and the people's reputations. Eventually, recommendations and solutions for this phenomenon are presented. This study is related to the field of sociolinguistics which is related to applied linguistics, and it is conducted through the method of descriptive analysis.

**Keywords:** Linguistic Impoliteness, linguistic social taboos, reputation and personality, sociolinguistics, language communication.

* **Corresponding Author**: Dr. Rokan Abdullah**, Email:** rokanabdullah@garmian.edu.krde
**Affiliation**: Garmian Kurdistan University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# اللامساس اللغوي والمكانة والشخصية في اللغة الكردية

**د. روكان عبدالله محمد**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية الاساس، جامعة گرميان، اقليم كردستان، العراق**

**المستخلص**

هذه الدراسة بعنوان (اللامساس اللغوي والمكانة والشخصية في اللغة الكردية).ففيها أشير إلى الجوانب السلبية لاستعمال اللغة من قبل الأشخاص والطبقات الذين يتمتعون بمنزلة وشخصية مرموقة في المجتمع الكردي. ويتجهون باللغة إلى اتجهات سلبية وغير مرغوبة بحيث لا يتناسب مع مكانتهم وشخصيتهم في المجتمع. وقد تحدث في البحث عن الأشكال الخطابية والكلامية والكتابية مما يتصف باللامساس اللغوي، كما أشير إلى الأساليب والآليات والعوامل التي أدت إلى انتشار هذه الظاهرة وتحليلها في علم اللغة الاجتماعي. ونوّه إلى تشخيص هذه الظاهرة لدى الأشخاص الذين يتمتعون بمكانة مرموقة في المجتمع وأثرها السلبي على اللغة الكردية الرسمية ومنزلة هؤلاء الأشخاص.وفي الختام ركزنا على عرض التوصيات والحلول لهذه الظاهرة، علما أن هذه الدراسة تندرج ضمن علم اللغة الوظيفي التي تنتمي إلى اللغة التطبيقية. وقد سرنا في هذه الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** اللامساس اللغوي، المكانة والشخصية، علم اللغة الاجتماعي، التواصل اللغوي.

# پیسبوونی زمانی و پێگە و کەسایەتی لە زمانی کوردیدا

**د. ڕۆکان عەبدوڵلا محەمەد - مامۆستا**

**بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت - زانکۆی گەرمیان -هەرێمی کوردستان/ عێراق**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی: (پیسبوونی زمانی و پێگە و کەسایەتی لە زمانی کوردیدا)یە، کە تێیدا ئاماژە بەلایەنێکی نەرێنی بەکارهێنانی زمانی کوردی دراوە لە ڕووی نائەتەکێتیی زمانی و پیسبوونی زمانییەوە لای ئەو کەس و چیین و توێژانەی کۆمەڵ، کە خاوەن پێگە و کەسایەتیین لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا و زمان بە ئاراستەیەکی خراپدا بەکاردەهێنن، بەچەشنێک لەگەڵ پێگە و کەسایەتییاندا ناگونجێت.

لەم توێژینەوەیەدا؛ باسی ئەو شێوازە ئاخاوتن و نووسینانە کراوە، کە سیمای پیسبوونی زمانییان لەخۆگرتووە، دواتر ئاماژە دراوە بە شێواز و ئامرازی بڵاوبوونەوە و هۆیەکانی پشت دیاردەکە و لێکدانەوەی دیاردەکە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا. هەروەها توێژینەوەکە کاری لەسەر

دیاریکردنی دیاردەکە لای خاوەن پێگەکانی کۆمەڵگای کوردی و ڕەنگدانەوەی نەرێنیی ئەو دیاردەیە لەسەر زمانی فەرمیی کوردی و پێگەی کەسایەتییەکان کردووە .

توێژینەوەکە گەیشتووە بەچەندین ئەنجامی زانستی، لەوانە: دیاردەی پیسبوونی زمانی لە زمانی کوردیدا تا دێت زیاتر بڵاو دەبێتەوە و بەکارهێنانی ئاسایی دەبێتەوە لای کۆی تاکەکانی کۆمەڵگا و کەسانی خاوەن پێگە و کەسایەتی. هەروەها کۆمەڵێک هۆکار لە پشت فراوانبوونی دیاردەی پیسبوونی زمانییەوەن لە زمانی کوردیدا، وەک: (ئابووری، سیاسی، ئەدەبی، نەشارەزایی، دەروونی، نادادی و گەندەڵی). لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا؛ ڕاسپاردە و چارەسەر لە بارەی دیاردەکەوە خراوەتەڕوو.

توێژینەوەکەش دەچێتە خانەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە و ڕێبازی پەسنی شیکاری بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵێك وتە و لێدوانی بڵاوکراوەی کەسایەتییەکان لەماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکارهێناوە .

**کلیلە وشە: پیسبوونی زمانی، تابووە کۆمەڵایەتییەکان زمان، پێگە و کەسایەتی، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، گەیاندنی زمانی**

## پێشەکی

زمان بە شێوەیەکی گشتی بەسەر شێوازی فەرمی و نافەرمیدا دابەش دەبێت، ئەم شێوازانەش بە پێی شوێنی بەکارهێنانی زمان و پێگە و کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵ دەگۆڕێت، واتە لەوانەیە ئاسایی بێت دوو تاک لە کۆمەڵگادا، کە پەیوەندیی نزیکی و هاوڕێتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە زمان بەو ئاراستەیدا بەکار بهێنن، کە ڕەچاوی ئەتەکێتی زمانی و ڕێزی تێدا نەکرێت، یان نووسەر و شاعیرێک بەشێوەی تەنزئامێز خۆیان لە وشە تابووەکانی زمان نەپارێزن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاخێوەرانی زمان پێویستە زمانی ئاخاوتن و بەتایبەتیش زمانی ئاخاوتنی فەرمی و زمانی نووسینیان پاک بێت و لە وشەی نەشیاو و بازاڕی بە دوور بێت و بەتایبەت تریش لای ئەو تاکانەی کۆمەڵ، کە خاوەنی پلە و پایە و کەسایەتیی دیارن لە ناو کۆمەڵگادا، کە پێویستە زۆر بە ئاگاییەوە زمان بەکار بهێنن، چونکە جگە لەوەی زیان بە کەسایەتی و پێگەکەیان دەگەیەنێت، هەروەها زیانی گەورە بە زمان دەگەیەنێت و زمانی فەرمی بە ئاراستەیەکی خراپدا دەبات.

لەم توێژینەوەیەدا؛ باسمان لە پیسبوونی زمانی و نائەتەکێتیی زمانی کردووە پەیوەست بەو کەس و چینانەی خاوەن پێگە و کەسایەتیین لە کۆمەڵگای کوردیدا، هەوڵمانداوە؛ ئەو شێوازە لە زمان پیشان بدەین، کە وشە و دەربڕاوی نەشیاو و ناپەسەند لەخۆدەگرێت، هۆکارەکانی پشت بڵاوبوونەوەی ئەم شێوازەی زمان لە زمانی ئاخێوەرانی زمان بەگشتی و کەسانی خاوەن پێگە و کەسایەتی بەتایبەتی دیاری بکەین و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی کوردی بەدیار بخەین. توێژینەوەکە لە چوار بەش و ئەنجام و چەند ڕاسپاردەیەک پێکهاتووە.

## ١)چەمک و پێناسە و ئامراز و هۆکار و شێوەی پیسبوونی زمانی

### ١/١)چەمک و پێناسەی پیسبوونی زمانی:

مەبەست لە پیسبوونی زمانی بەکارهێنانی ئەو وشە ناپەسەندە دەربڕاوانەیە کە سیمای واتاییان (-ڕێز)ـە، یان ئەو وشانەیە، کە دەربڕینیان نەنگی و شەرمە لای کۆی کۆمەڵ، یاخود ئەو وشانەن، کە جوان ناجوێنرێن و لە ئاخاوتندا تووتیان دەخرێتە سەر، وەك: (وشە تابووەکانی بواری جێندەر، جنێو وشەی نەشیاو و بەکارهێنانی ناوی ئاژەڵ لە بری مرۆڤ...هتد). زاراوەی پیسبوونی زمانی

بەکارهێنانی نەرێنییانەی زمان دەگرێتەوە لای ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی زمان، کەواتە چەمکی یەکەم لە پیسبوونی زمانی بەکارهێنانی وشەی بازاڕی و نەشیاو و ناپەسەند و تابووەکانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا زاراوەی (پیسبوونی زمان)، وەک چەمکی دووەم بە واتای لاوازبوون و پەراوێزخستنی زمانی دایک و بەکارهێنانی بێ پێویستی دەنگ، وشە و ڕستەی زمانی تر بەکار هاتووە، یان بەواتای خراپبوون و تێکچوونی سیستەمی پێکهاتەی تایبەتی زمانێک بەکار هاتووە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی زمانی ترەوە (ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٨)، ئەمەش لەسەر بنەمای زاراوە عەرەبییەکە وەرگیراوە، کە (التلوث اللغوي)یان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە، کە پێدەچێت بەکارهێنانی ئەو زاراوە لە زمانی عەربیدا بۆ پیرۆزیی زمانی عەرەبی بگەڕێتەوە کە زمانی قورئانە، بۆیە هاتنە ناوەوەی وشەی هەر زمانێکی تر بە لادان لەو پیرۆزییە دادەنێن، بەڵام بەلای ئێمەوە زاراوەی پیسبوونی زمانی زیاتر بۆ چەمکی یەکەمیان گونجاوترە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زاراوە و ئیدیۆمی (زمانپیس)مان هەیە، کە بەو کەسانە دەوترێت، کە خۆیان لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوی نەشیاو ناپارێزن و هەرچی وشە و دەربڕینی تابووە بە زاریاندا دێت، واتە زمانپیس بەو ئاخێوەرانە ناوترێت، کە وشەی بیانی و وشەی زمانی تر بەکاردەهێنن، بەڵکو بەو ئاخێوارانە دەوترێت، کە خۆیان لە بەکارهێنانی وشە تابووەکانی زمان ناپارێزن، چونکە وشە بیانییە وەرگیراوەکان نە خۆیان پیسن و نە کۆمەڵگاش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە پیسیان دەزانێت، هەرچی وشە تابووەکانە، ئەوە کۆمەڵگا بە پیسیان دەزانێت و خۆی لە بەکارهێنانیان بەدوور دەگرێت، لەلایەکی ترەوە دەکرێت جیاوازی لە نێوان تابووی زمانی یان وشە تابووەکان و پیسبوونی زمانییدا بکەین بەوەی، کە وشە تابووەکان هۆکارن و پیسبوونی زمانی ئەنجامە، واتە دیاردەی پیسبوونی زمانی لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە تابووەکانەوە پەیدا دەبێت، هەروەها پیسبوونی زمانی جگە لە وشە تابووەکان وشەی زبر و توندوتیژەکانی زمان و ئەو وشانەش دەگرێتەوە، کە سیمای نائەتەکێتیی زمانی و شێوەی بازاڕییان پێوە دیارە. هەروەها دەکرێت زاراوەی (نائەتەکێتیی زمانی)یش لە بری پیسبوونی زمانی بەکاربهێنرێت، بەڵام بەکارهێنانی زاراوەی پیسبوونی زمانی دروستترە، چونکە پەیوەندی بە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکی کوردەوە هەیە و لە ئێدیۆمی (زمانپیس)ـەوە وەرگیراوە. کەواتە مەبەست لە زاراوەی (پیسبوونی زمانی)یش ئاراستەکردنی زمانە بەرەو زمانی بازاڕی و توندوتیژ و دوور لە ڕێز، کە سەرئەنجام بە زیان بۆ زمانە فەرمییەکە دەشکێتەوە.

بەکارهێنانی وشە تابووەکان لە زماندا هەڵەی زمانی نیین و دەکرێت ئاخێوەرانی زمان بەگشتی بەکاری بهێنن، وشە و دەربڕاوەکانی هەر وەك چۆن کۆمەڵ بە مەبەستی لەیەکگەیشتن و گەیاندن بەکاریان دێنێت، هەر کۆمەڵیش مۆری پەسەندی و ناپەسەندییان لە بەکارهێناندا پێ دەبەخشێت، بەڵام دەبێت بزانرێت لە کوێدا بەکاربهێنرێت و کێ بەکاری بهێنێت. لێرەوە لە چەمکی ناونیشانی بابەتەکە نزیک دەبینەوە، پیسبوونی زمانی پەیوەست بە پێگە و کەسایەتی، واتە کاتێک کەسێک خاوەن کەسایەتی و پێگەیەکە لە کۆمەڵگاکەی خۆیدا پێویستە بە وریاییەوە زمان بەکاربهێنێت و خۆی بە دوور بگرێت لەو وشە و دەربڕاوانەی لەگەڵ ئاست و پێگەکەیدا ناگونجێن، واتە ئەو دەربڕاوانەی کۆمەڵ بۆی بەشیاو دانەناوە بەکاری بهێنێت. بەتایبەتیش کاتێک ئاخاوتن و نووسینەکانی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت، چونکە ئەو کات ئاخاوتن و نووسینەکانی، وەک پەیامێکی گشتی ئاراستەی کۆی کۆمەڵگا دەکرێت. دەرئەنجام ئەو شێوازە لە زمان زیان بە زمانی فەرمی دەگەیەنێت و بەرەو پیسبوونی دەبات.

## ٢/١)ئامرازەکانی بڵاوبونەوەی پیسبوونی زمانی:

سەرچاوە زانستییەکان ئاماژەیان بە چەند ئامرازێك داوە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی پیسبوونی زمانی:

1- ڕاگەیاندن: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئامرازێکی کاریگەر و بەرچاون لە بڵاوبوونەوە و ئاساییبوونەوەی دیاردەی پیسبوونی زمان لای بەکارهێنەرانی زمان.

2- شانۆ و دراما تەلەفزیۆنییەکان: شانۆ و دراما تەلەفزیۆنییەکان ئامرازێکی تری بڵاوبوونەوەی دیاردەکەن، ئەو دراما تەلەفزیۆنییانەی پێشکەش دەکرێن بەتایبەت ئەو درامایانەی کۆمیدی و تەنزئامێزن دیارەی پیسبوونی زمانییان بە زەقی پێوە دیارە. (بوعلي نصير:2012، 188-190)

## ٣/١)هۆکارەکانی بڵاوبووبوونەوەی پیسبوونی زمانی:

ئەگەر بمانەوێت هۆکارەکانی بەکارهێنانی وشەی پیس و دەربڕاوی تابوو دیاری بکەین، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاڵەپەستۆیانەی ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی دەبنەوە لە ژیانی ڕۆژانە و ئەو بارودۆخە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی، کە بەشێوەیەکی کاریگەر ڕەنگدانەوەیان لەسەر باری دەروونییان دەبێت و تاک دەگۆڕن بۆ یەک پارچە لە توڕەی و هەستکردن بە نائومێدی و ناڕازی بوون لە دەوروبەرەکەیان. سەرئەنجام  تاک بەرەو ڕەفتاری توندوتیژی و بەکارهێنانی فەرهەنگی زمان پیس دەبات. بەوێنە ئەوەتا تاقانەیەکی ئەنفال بۆ گوزارشتکردن لەو بارە دەروونییەی تێدا دەژی سەبارەت بە نەهێنانەوەی ڕووفاتی کەسوکارەکەی لە باسی بەرپرس و دەسەڵاتداراندا پەنا بۆ زمانی نەشیاو و تابوو دەبات و دەڵێت: ((قەسەم بەخوا مستەشار تەلەفۆنم بۆ ئەکا ئەژێ بتوەم بۆ لای ئەم سەرۆکە خوێریانە... حکومەتە تڕەی ئێمە دوو لە ڕووی حازری من بۆیە وا قسە ئەکەم، ئەتەکێت و مەتەکێت نەماوە، ئەمانە خۆیان بێقیمەتن قەت ناوێ وە ئەتەکێت قسە بکەی لێلیانا.))

([https://www.facebook.com/watch/?ref=search&v=1476797606420571&external_log_id=5bdd435c-7a00-45ec-a3ad-d7736d29522b&q=shar%20press](https://www.facebook.com/watch/?ref=search&v=1476797606420571&external_log_id=5bdd435c-7a00-45ec-a3ad-d7736d29522b&q=shar%20press))

لە لێکدانەوەی ئەو پەیامەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئاخێوەری پەیامەکەش دەزانێت ئەوەی دەریدەبڕێت نائەتەکێتیی زمانییە، بەڵام ئەوە بارودۆخ و بارە دەروونییەکەیە وای لێ دەکات بەو زمانە بدوێت. بێگومان بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم دیاردەیەش دەبێتە نەریتێکی باو و لە ناو سەرجەم چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبێتەوە بە ڕادەیەک کە زۆرینەی کۆمەڵ ڕادێن لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم دەربڕاوە نەشیاوانە بە چەشنێک کە چەمکی عەیبەیان لێدەکرێتەوە، کە پێشتر لە کۆمەڵگای کوردیدا پێیان بەخشراوە. دیارترین هۆکارەکانی دیاردەکەش ئەمانەی خوارەوەن:

**1 - هۆکاری دەروونی و جەستەیی:**

ئەو بارە دەروونییەی تاک لە ژیانیدا پێیدا دەگوزەرێت، هۆکارێکی دیارە لە چۆنێتی ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی تاکدا لە ناویشیاندا ڕەفتاری زمانی. زۆرجار بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە دەروونییانەی لەسەرییەتی پەنا بۆ زمانی پیس دەبات، لەلایەکی ترەو ئەو ماندووبوونە جەستەیەی و ئازارە جەستەییانەی تووشی مرۆڤ دەبێت هۆیەکی کاریگەرە بۆ بەکارهێنانی دەربڕاوی نەشیاو و ئاراستەکردنی زمان بەرەو پیسبوون.

**2 - هۆکاری سیاسی:**

بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ئەو دڵەڕاوکێ و نائارامییە کۆمەڵگای کوردی تێیدا دەژیت هۆیەکی تری دیاردەکەن، تەنانەت زۆرجار ڕکابەرەکان لە بەرانبەر یەکدا وشە و

دەربڕاوی پیس لە ململانێکانیاندا بە ئاشکرا بەکاردێنن و دەیان ماڵپەڕ و لاپەڕە و ئەکاونت لە پلاتفۆرمی ساختە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون.

**3 - هۆکاری نادادی و گەندەڵی:**

تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا بە ئاشکرا هەست بە بۆشایی یاسایی و نادادی و گەندەڵی دەکات، لە بەرانبەر ئەمەدا جگە لە زمان هیچ ئامرازێکی تر شک نابات بۆ ڕێگریکردن لەو بێدادی و گەندەڵییە، هەر بۆیە پەنا بۆ جنێو وشەی نەشیاو دەبات.

**4 - نەبوونی شارەزایی لە زمانی کوردیدا:**

هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی وەکیەک شارەزایی تەواوەتییان لەسەر کۆی دەربڕاوەکانی زمانی کوردی نییە، واتە توانستی زمانییان بۆ زمانی کوردی چوونیەک نییە، ئەمەش سەرئەنجام دیاردەی هەڵەی زەقی زمانی و نائەتەکێتیی زمانی لێ دێتەکایەوە. وەک ئەوەی وتەبێژی حکومەتی هەرێم لە بری (کاڵا) وشەی (کاڵەک)ی بەکارهێنا و وتەکەی دەنگدانەوە و هەرایەکی گەورەی نایەوە، یاخود وەزیرێکی حکومەت لە کاتی سوێندخواردندا لە بری وشەی (گەل) وشەی (گەڵ) بەکاردەهێنێت. هەموو ئەمانەش نیشانەی کەموکوڕییە لە توانستی زمانییدا لای قسەکەر.

**5- هۆکاری ئەدەبی:**

بەکارهێنانی وشە تابووەکان لە زمانی شاعیرانی کورددا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەژێر ناوی شیعری (داشورین)دا؛ بەدەیان زاراوەی نەشیاو و ناپەسەندی کۆمەڵایەتییانە بەکارهێنراوە، شیعرەکانی (شیخ ڕەزای تالەبانی)ش باشترین گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، ئەم دیاردەیەش لای شاعیرانی میللەتانی تریش دەبینرێن و بە دیاردەیەکی ئاسایی ئەژمار دەکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەم حاڵەتە تا چەند لە زماندا ڕێگە پێدراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: دیاردەکە ڕێگە پێدراوە تا ئەو کاتەی بابەتەکە لە چوارچێوەی ئەدەبدا بێت، بەڵام کاتێک کەسی ئەدیب یان شاعیر لە دەرەوەی بەر هەمە ئەدەبییەکەیدا ئەو شێوازە لە زمان بەکار بهێنێت ڕێگە پێدراو نییە، بە وێنە شاعیرێک تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی ئەدەبدا شیعرێک دەڵێت، کە پڕە لە وشەی نەشیاو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێی وەردەگیرێت، بەڵام کاتێک لە پەیامێکی گشتیدا وشەی نەشیاو بەکار دەهێنێت، ئەوکات وشەکە بە تابوو لەسەری ئەژمار دەکرێت. گرفتەکە لەوەدایە ئەو شاعیر و نووسەر و ئەدیبانە دەق بەو شێوازە لە زمان بگرن و لە هەموو کاتێکی ئاساییدا بەکاری بهێنن، وەک ئەوەی ئەدیبێک لە پەڕەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو شێوازە لە زمان بۆ پەیامێکی گشتی بەکار بهێنێت. هەموو ئەمانەش سەرئەنجام ئاساییبوونەوە و بڵاوبوونەوەی دیاردەی پیسبوونی زمانی بەدوای خۆیدا دێنێت لای کۆی تاکەکانی کۆمەڵ، بە نموونە لەم هەرێمەدا؛ کەسی خاوەن پێگەی باڵا لە ناو دامەزراوەیەکی باڵادا وشەی (سواربوون!) بەکار دێنێت، ئەمەش هۆکاری ئاساییبوونەوەی دیاردەکەیە، تەنانەت لای کەسانی خاوەن پلە و پایە و لە ناو دامەزراوە باڵا و گرنگەکانی دەوڵەتیشدا.

## ٤/١)شێوەکانی پیسبوونی زمانی:

وشە و دەربڕاوە نەشیاوەکان لە زمانی کوردیدا لەچەند شێوەیەکدا دەردەکەون، لەوانە تابووەکانی ڕەگەز، جنێودان بە باوک و بنەماڵە و لێکچوواندنیان بە ئاژەڵان و کوفرکردن و جنێودان بە پیرۆزییەکانی ئایین، جوێندان بە حیزب و دەسەڵات، کە بە مەبەست بۆ کەس و لایەنێکی دیاریکراو بەکاردێت، هەندێک جاریش هەڵەی زەقی زمانی لە خودی قسەکەرەوەیە و بێ مەبەستە و بۆ کەسی دیاریکراو نییە. لەخوارەوەش ئاماژە بە هەندێک لەو شێوانەی تابوو دەدەین، کە پەیوەستن بە بابەتی توێژینەوەکەوە:

1 - **تابووی سێکسی:** ئەو دەربڕاوە زمانییانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ و ئاژەڵ و بابەتی کردە سێکسییەکانەوە.(فەرەج: ٢٠١١، ٨٠) ناوهێنانی ئەندامی نێرینە و مێنە و لەشێوەی توانج و جنێو و دەربڕینی زاراوەکانی بواری هاوڕەگەزخوازی، کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە تابوو لە قەڵەم دەدرێن. وەک:(قەحپە، حیز، بێناموس، بێشەرف،...تاد.) تەنانەت هەندێک لەم وشانە لە زمانی کوردیدا وشەی تابووی تریان لەسەر سازکراوە، بە وێنە وشەی (حیز)، وشەکانی تری وەک:(ملحیز، چاوحیز، دڵحیز، ...تاد.)یان لێ سازکراوە.

2 - **تابووی شەڕ و کێشەی کۆمەڵایەتی:** ئەو وشە و دەستەواژە نەشیاوانە دەگرێتەوە کە لە کاتی شەڕ و کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا تاکەکانی کۆمەڵ بەرانبەر یەکتر بەکاری دەهێنن. وەک:(گەواد، سەگباب، فەحپەباب، ناپیاو، قۆنەرە، تاکەنەعل، ..تاد).

3 - **تابووی ئایینی:** هەموو ئەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە، کە چەمکی دژە ئایینییان تێدایە و بەجۆرێک لە جۆرەکان پێچەوانەی بەهاو دابونەریتە ئاینییەکانی کۆمەڵگای کوردیین. واتە جوێندان بە پیرۆزییەکانی ئایین، لەوانە: جوێندان بە خۆدی ئایین و دروشمەکانی، یاخود جوێندان بە خودا، پێغەمبەر، کەسانی پیرۆز و شوێنکەوتووانی ئایین.

4 - **تابووی سیاسی:** لە دونیای دیموکراسیدا جۆرێک لە جوێن و وشەی نەشیاو هاتووەتە ئاراوە، ئەویش ئەو وشە نەشیاوانەیە کە ئاراستەی دەسەڵات و حزبە حوکمڕانەکان و لایەنگران و بەرگریکارانی ئەو دەسەڵات و حزبانە دەکرێن، وەک: (دز، بێ ئەخلاق، نەوت دز، شەریکە دز، کۆیلە، چڵکاوخۆر ...هتد.)، یاخود ئەو تابووانەی لایەنە ڕکابەرەکان لە ململانێ سیاسییەکاندا بەرانبەر یەکتری بەکاری دەهێنن، دیارترینیان: (شانزدەی ئوکتۆبەر، سیی و یەکی ئاب)ـە، دەتوانین بڵێین تابووی سیاسی یەکێکە لە شێوازە دیارەکانی دیاردەی پیسبوونی زمانی لە زمانی کوردیدا.

## ٥/١)لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەربڕاوە تابووەکان:

بەکارهێنانی دەربڕاوە تابووەکانی زمان دیاردەیەکی زمانی سروشتی و باوە لە هەموو کۆمەڵگا و کۆمەڵە زمانییەکاندا. ئەمەش پەیوەندی بەو بەکارهێنانە زمانییەوە هەیە، کە بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییە دانراوەکانەوە حوکم دەکرێن و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تریش جیاوازە، دەکرێت ئەوەی لای کۆمەڵگای ئێمە تابوو و قەدەغە کراو بێت لای کۆمەڵگایەکی تر ڕێگەپێدراو بێت و پێچەوانەکەیشی ڕاستە بەپێی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگاکەدا حوکم بەسەر کردەی ئاخاوتنەوە دەکەن. کەواتە حەرامکردن و قەدەغەکردنەکە لە بنەڕەتدا؛ کۆمەڵایەتییە نەک زمانی، چونکە بەلای زمانەوە هیچ وشە و دەربڕاوێک ناشرین و نەشیاو نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە سیفەتی تابوو و قەدەغەکراوی پێ بەخشیوە. واتە ئەوە کۆمەڵگایە حوکم بەسەر باشی و خراپی، یان گونجاوی و نەگونجاویی دەربڕاوە زمانییەکاندا دەدات بە پێی داب و نەریتە کارپێکراوەکانی ئەو کۆمەڵگایە. هەروەها هەروەک چۆن کۆمەڵگاکان تێڕوانینیان بۆ دەربڕاوە زمانییە بەکارهاتووەکانی پیسبوونی زمانی جیاوازە، بەهەمان شێوە تێڕوانینی مرۆڤایەتی بەگشتی و دەزگا ئەکادیمی و زانستییەکان و بوارە جیاوازەکانی زانستیش لەبارەی دیاردەکەوە جیاوازە و هەندێکیان، وەک لایەنێکی ئەرێنی لە دیاردەکە دەڕوانن. بەوێنە لای هەندێکیان بەکارهێنانی دیاردەکە، وەک جۆرێک لە چارەسەر دەبینن بۆ ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت، بەوەی، کە لە ڕێگەی وشە تابووەکانەوە گرێ دەروونی و گرفتە پەنگخواردووەکانی ناخی بەتاڵ دەکاتەوە، تەنانەت لای هەندێکی تریشیان، وەک جۆرێک لە ئاماژەی زیرەکی و لێهاتووی لێ دەڕوانن و پێیان وایە کەسە لێهاتوو و

زیرەکەکـــــان زیـــــاتر لە کەســــــانی تــــــر وشـــــە تابووەکـــــان بەکـــــار دەهێـــــنن. (https://nesan.net/?id=126412).

لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە بەکارهێنانی وشە تابووەکان، وەک جۆرێک لە یاخیبوون لە کۆمەڵگا و داب و نەریتە باوەکان سەیر دەکرێت، مەبەستیش لە یاخیبوون خۆ دەربازکردنە لەو کۆتوبەندانەی کۆمەڵگاکان بۆ مرۆڤەکانیان داناوە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانییەوە، لەوەی پێویستە چی بگوترێت و چی نەگوترێت.

لە ڕوانگەی سیاسیشەوە زۆر جار ڕەوایەتی دەدرێتە وشە تابووەکانی زمان و بە جوێنی سیاسی ناوی دەبەن و لە جوێنی ئاکاری کۆمەڵایەتی جیای دەکەنەوە. بەوێنە کاتێک دەوترێت: (فڵان لایەن یان حیزب بێ ئەخڵاقە)، وای وێنای دەکەن، کە ئەمە ئەخڵاقی سیاسییە، نەک ئەخڵاقی کۆمەڵایەتی.

هەرچی لایەنی نەرێنیی دیاردەکەیە ئەوەیە، کە بەکارهێنانی دیاردەکە لە چەند ڕوویەکەوە زیانی هەیە، بە پلەی یەکەم زیان بە ئاکار و ڕەوشتی گشتیی تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنێت و سەرئەنجام ئاکار و ڕەفتارەکانی کۆمەڵگا بەرەو ئاراستەیەکی خراپدا دەبات و جۆرێک لە بێشەرمی و بێڕێزی لە کۆمەڵگادا بڵاو دەکاتەوە. هەروەها شێوەیەکە لە بەزاندنی سنووری پیرۆزی و بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کۆمەڵگا. لە ڕووی زمانیشەوە زیان بە زمانی فەرمی دەگەیەنێت و بەرەو زمانی نافەرمی و بازاڕی دەیبات، بەتایبەت کاتێک لەلایەن کەسانی خاوەن پێگە و کەسایەتییەوە لە چوارچێوەی پەیامێکی گشتیدا بۆ کۆی کۆمەڵگا بەکار دەهێنرێن.

## ٢)زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و پیسبوونی زمانی

### ١/٢)زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:

زمان و کۆمەڵ دوو دووانەی لەیەک جیانەبووەن، وەک دوو دیوی دراوێکن و بەهای هەریەکەیان لەوی تریاندا دەردەکەوێت، بەهای زمان لە بەکارهێنانی لە کۆمەڵدا بە دیاردەکەوێت و کۆمەڵیش هەمیشە پێویستی بە زمانە و لە سادەترین کاری خۆیدا، کە لێکگەیشتنە پەنای بۆ دەبات. هەریەکە لە زمان و کۆمەڵیش بە ڕادەی جیاواز کاریگەری لەسەر یەکتر جێدەهێڵن و هەژموونیان بەسەر یەکترەوە دەبینرێت. بوونی زمان مەرجدارە بە هەبوونی گۆمەڵگا، لەمەوە سیمای کۆمەڵایەتیی زمان ڕوون دەبێتەوە، چونکە هیچ سیستەمێکی زمانی بوونی نابێت بەبێ کۆمەڵەیەکی مرۆڤایەتی، کە بەکاری دەهێنێت و کاروباری خۆی پێ بەڕێدەکات، چونکە زمان بۆ خۆی ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازی گەیاندنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەی مرۆڤایەتیدا.(حجازی: ١٩٨٩، ١٢) لەمەوە ئەو باوەڕە پەیدابووە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک تاکی، هەر ئەمەش وایکردووە، زانستێک بەناوی: (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)، وەک لقێک لە زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمان بێتەکایەوە.

ئامانج لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ((لێکۆڵینەوەیە لە زمان پەیوەست بەکۆمەڵەوە، بەواتایەکی تر ئەو زانستەیە کە هەوڵ دەدات ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە بیدۆزێتەوە و کاریگەریی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە لەسەر دیاردە زمانییەکان بەدیار بخات)) (الضامن:١٩٨٩، ٣٦)، چونکە زمان لە سایەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نەبێت ناژیت و گەشە ناکات. لەسەر ئەم کاریگەرییەی کۆمەڵ لەسەر زمان دەوترێت: زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ((ئەو لێکۆڵینەوەیە کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمان دەدات لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، لێکۆلینەوەیە لە پەیوەندیی گۆڕانی زمانی پەیوەست بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە))(نوصیر: ٢٠١٥، ١٦)، واتە هەر گۆڕانێکی زمانی دەرئەنجامی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە.

خراپ بەکارهێنانی زمان کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکات، لەلایەکی ترەوە داب و نەریت و خووە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، نەک هەر

کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵێکدا هەیە، بەڵکو ڕۆڵیشیان لەسەر هەڵبژاردنی وشە و دەربڕاوە زمانییەکانی هەر زمانێکدا هەیە، بە وێنە لە پەیوەندیی پلەی خزمایەتیی خێزانی باوک و خێزانی دایک بە تاکەوە، کە سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی تێدا دەبینێت، لەو کۆمەڵگایەدا، کە پلەی خزمایەتێکە لەیەک ئاستدا دەبینێت لە زمانەکەیدا یەک وشە بۆ خاڵ و مام دادەنێت (uncle ،uncle)، بەڵام لەو کۆمەڵگایەدا، کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی ئەم پەیوەندی وەک یەک نابینێت، واتە پلەی خزمایەتییەکە لە خێزانی باوک و خێزانی دایک بۆ تاک بە جیاواز دەبینێت، ئەوە لە زمانەکەیشیدا وشەی جیاوازی بۆ بەکارهێناوە، بۆ نموونە: بۆ خاڵ (الخال) بۆ مامیش وشەی (العم)ی داناوە. (وافی: ١٩٨٣، ١٤-١٥ )لە زمانی کوردیشدا بۆ (خاڵ و مام)دوو وشە دانراوە، بەڵام لە بۆ خۆشکی باوک یان خۆشکی دایک بەپێی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە لەیەک ئاستدا دەبینێت یەک وشەی بۆ داناون کە ئەویش (پوور)ـە.

## ٢/٢)پیسبوونی زمانی لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە:

یەکێک لەو بابەتانەی جێگای بایەخی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە و لێی دەکۆڵێتەوە پیسبوونی زمانییە یان تابووی زمانییە، تابووی زمانیش سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە دەربڕینییان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاو نییە. ئەمەش لەلایەکەوە بە هۆی وابەستەبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکانەوە، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لە لایەکی ترەوە پەیوەستبوونیانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە، (فەرەج: ٢٠١١،٥٩ )یاخود بریتییە لەو وشە و دەستەواژە نەشیاو و پیسانەی، کە هەڵگری ئاماژەگەلی ناپەسەندن و واتاکانیشیان بێزلێکراون و شایەنی باسکردن نیین.(عمر: ١٩٩٨، ٢٦٥) ئەم وشانە جۆرێک لە بێزێزی و بێشەرمییان تێدایە و پەیوستن بە هەندێک لە ئەندامە جەستەییەکانی مرۆڤەوە، یان ئەو وشانەن، وەک جوێن و وشەی نەشیاو بەکاردێن، هەر لەبەر ئەوەشە کۆمەڵگاکان پەنا بۆ وشە خوازراوەکان دەبەن بۆ گوزارشتکردن لە واتاکانیان. تابووکردنی ئەو وشانە هۆکارەکەی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندی بە تێڕوانینی و بیروباوەڕ و کەلتوری گۆمەڵگاوە هەیە بەرانبەر بەو وشانە، واتە ئەوە نەریتەکانن سیمای تابووبوون بە وشەکان دەبەخشن و بەشیاو یان نەشیاویان دادەنێن، خودی وشە تابووەکانیش حاڵەتەکەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێن، بە وێنە وشەی (pissoir- شوێنی میزکردن) لە کاتی بیستندا لە زمانی ئەڵمانیدا شەرمی کەمتر لێ دەکەوێتەوە وەک لە زمانی فەرەنسیدا، چونکە خواستنی وشە لە دەرەوە، تابووبوونەکەی کەمتر دەکاتەوە.(فندریس: ١٩٥٠، ٢٨٠) لەلایەکی ترەوە هەندێک جار وشەکان لە زمانی یەکەمدا سیمای پیسبوونیان پێوە دەلکێنرێ و کاتێکیش دێنە ناو زمانی دووهەمەوە سیمای تابووبوونەکەیان کەم نابێتەوە و وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەوێنە وشەی (قەحپە) لە زمانی کوردیدا وشەیەکی تابووە و دەربڕینی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گونجاو نییە، وەک جۆرێک لە جوێنیش بەکاردێت، لە کاتێکدا وشەکە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لەو زمانەشدا بەواتای کۆکەی پیاوی بەتەمەن، یان کۆکەی حوشتر، یان کۆکەی ئەسپ هاتووە، یەکێک لە واتاکانیشی بە واتای کۆکەی ئەو ژنە ڕەفتارخراپانە هاتووە، کە لە چادرگەیەکدا دادەنیشتن و لە ڕێگەی کۆکەوە کڕیارەکانی خۆیان بۆ کاری خراپ بانگ دەکرد. (https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D9%82%D8%AD%D8%A8%D8%A9)

لەمەوە وشەی (قەحپە) ئەو سیما خراپەی وەرگرتووە و بووە بە وشەیەکی تابوو لە زمانی عەرەبیدا و دواتریش بە سیما خراپەکەیەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە.

## ٣/٢)كۆمەڵەی زمانی (Linguistic Community):

زاراوەی کۆمەڵەی زمانی کە (هدسن) زاراوەی (کۆمەڵەی ئاخاوتنی - Speech Community ) بۆ بەکارهێناوە لەو زاراوە باوە بەکارهاتووانەی بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، کە بە واتای ناساندنی کۆمەڵەیەک دێت لەسەر بنەمای زمان. (هدسن: ١٩٨٧، ٥٢) بەواتایەکی تر بریتییە لە کۆمەڵێک لە خەڵکی کە بەلای خۆیانەوە بە یەک زمان دەدوێن. بە وێنە کۆمەڵگای زمانی چینی هەیە، چونکە چینییەکان بەلای خۆیانەوە بە زمانی چینی قسەدەکەن، نەک زمانی کانتۆنی یان زمانێکی تر،(السید: ١٩٩٥، ٢٧)یان ئەوەی بەلای کۆمەڵگای کوردییەوە بە زمانێک دەدوێن، کە زمانی کوردییە. کەواتە دەکرێت بڵێین کۆمەڵەی زمانی ئەو کۆمەڵەیە کە تاکەکانی بەیەکەوە دەدوێن و لەیەکتر دەگەن بە کۆمەڵە هێمایەکی زمانی هاوبەش لە نێوانیاندا.

## ٤/٢)زارە کۆمەڵایەتییەکان (Regional Dialects):

زارە کۆمەڵایەتییەکان ((ئەو زاراوانەیە کە لەلایەک لەسەر بنەمای جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لەلایەکی ترەوە لەسەر بنەمای جیاوازی پیشە و کاری تاکەکانی کۆمەڵ دیاریدەکرێن))(کزار،٤٧:٢٠١٨). واتە: ئەو زارە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی جیاوازیی چینایەتی و پیشەیی لە کۆمەڵێکی زمانیدا دروست دەبێت، وەک: زاری هەژار و دەوڵەمەند، ژن و پیاو، سەرباز و دارتاش و ڕاوچی و مامۆستا و پزیشک و سیاسی ...هتد.

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە دیاریکراوەکەیدا (micro) بایەخ بە چۆنێتیی کاریگەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەدات لەسەر ئەو شێوازەی خەڵک پێی دەدوێن، چونکە پەیوەستە بە جۆراجۆریی زمان و نموونەی بەکارهاتوو بە خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک: چین، ڕەگەز، تەمەن.(سەرچاوەی پێشوو: ٢٠)مەبەست لەم جۆرە زارە ئەو چالاکییە زمانییانەیە کە ئاخێوەرانی هەریەک لەو کۆمەڵە زمانییە ئەنجامی دەدەن لە کاروباری ڕۆژانەی خۆیاندا، کە لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بە زمانی پیشەش دەناسرێت. هەر پیشەیەک شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشە و زاراوەی تایبەت بەو پیشەیە. ئەندازیار و پزیشک و بازرگان و و جووتیار و پیاوی ئاینی هەر یەکەیان خاوەنی شێوە ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیانن. بەنموونە زمان و پەیامی پزیشکەکان لە بارەی: (نەخۆشانە، نەخۆش، دەرمان، نۆرینگە، نیشانەی نەخۆشی، شیکاری نەخۆشی، ...هتد.)یەوەیە، بەڵام زمان و پەیامی پیاوی ئاینی لەبارەی: (جۆری تاوان و گوناح، نوێژ و ڕۆژوو، زەکات، بەخشین، باوەڕ، ...هتد)یەوەیە، هەرچی زمانی جووتیارە وشەکانیان لە بارەی (بەرووبوومی کشتوکاڵی، کەرەستەی کشتوکاڵی، شێوازی ئاودێری)یەوەیە.

کەواتە پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانە جیاوازەکانی زماندا هەیە، بەڵام (برنستون) دوو جۆری سەرەکی لە زماندا لەسەر بنەما و پێگەی چینە کۆمەڵایەتییەکان جیا دەکاتەوە. (دمياطي: ٢٠١٧، ٢٥):

1- **زمانی فەرمی (formal language):** ئەمەش پەیوەندی بە چینی ناوەندییەوە هەیە، دەستەواژە ناوەندییەکانی زیاتر تێدا بەکاردێت، وەک: کردارەکانی بکەر نادیار، ئاوەڵناوەکان، ئامرازەکانی بەستنەوە، لە کەنگەشە و هەڵسەنگاندنە ئەکادیمییەکانیشدا بەکاردێت.
2- **زمانی گشتی(public language):**پەیوەندی بە چینی نزم یان کرێکارەوە هەیە و لە بارودۆخە نافەرمییەکاندا بەکاردێت.

## ٥/٢) سیستەم و پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن:

کۆمەڵگای مرۆیی لە ژێر چەندان یاسای کۆمەڵایەتی چەسپاودایە، بە ناچاری دەچێتە ژێر ڕکێفیانەوە، کە لەسەر شێوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت. تاکیش بەبێ ویستی خۆی دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەم یاسایانەوە و توانای گۆڕینیانی نییە. (محمد: ٢٠٠٩، ٦٩-٧٠) یەکێک لەم یاسایانە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانە، چونکە زمان، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خاوەنی کۆمەڵێك یاسا و سیستەمی کۆمەڵایەتییە و تاکەکان ناچارن پابەندبن پێوەی.(محەمەد: ٢٠٢٢، ٣٠)ئەوەی کە باوە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە یان شێوە سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، واتە زمان هەر لە خۆیدا هەموو تایبەتییەکانی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت، بەوەی کە زۆر کاریگەرە و کارتێکراوە لەگەڵ ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییانەدا، بەوێنە سیستەمی پەروەردەیی کاریگەری لەسەر زمانە، سیستەمی ئایینی کاریگەری هەیە، هەروەها سیستەمی ئابووری و ڕامیاریش، هەر لەبەر ئەوەیە زمان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیار دادەنرێت و لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانەی لە ناو کۆمەڵدا هەن وێنەکەی ڕەنگدەداتەوە.(عماري:٢٠٢١، ٥٥)

بێگومان زمان لە ناوەڕۆکیدا لە حەقیقەتی ڕۆشنبیری و سیستەمی ژیان و داب و نەریتەکانی هەر کۆمەڵەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت؛ زمانیش هەرگیز ڕوون ناکرێتەوە بەبێ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ئەو چوارچێوە فراوانە، کە ئەمەش ئەو بارودۆخەیە کە ئاخاوتنەکەی تێدا دەوترێت.(لويس: ١٩٥٩، ٤٨)

لە بارەی پێوەرەکانی ئاخاوتنیشەوە چەند پێوەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئاخاوتن دانراون، ئەم پێوەرانەش بەپێی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن، لەوانە: پێوەری ڕێژەی ئاخاوتن (کەم و زۆری ئاخاوتن)، ژمارەی بەشداربووانی ئاخاوتن (نۆرەگرتن لە ئاخاوتن)، بەها و ناوەڕۆکی ئاخاوتن، سیمای ڕێزی ئاخاوتن.(بڕوانە: هدسن: ١٩٨٧، ١٩٧-٢٠٣). لەم پێوەرانە ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە سیمای ڕێزە بە ئاخاوتن و پەیامەکەوە، چونکە ئاخاوتن یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە بەهۆیەوە تاک وێنە و کەسایەتیی خۆی بەئەوانی تر پیشان دەدات، تاوەکو ئەوانی تر لە ڕێگەی ئەوەی، کە دەیڵێت یان لە ڕێگەی شێوازی ئاخاوتنەکەیەوە بتوانن هەڵی بسەنگێنن. هەر بۆیە زۆرینەی خەڵکی دەیانەوێت وێنەیەکی جوان و ڕێزدار بگەیەننە دەوروبەرەکەیان، چونکە ئەمە ئاستی جەماوەرییان لای ئەوانی تر زیاد دەکات، بەمەش ئاخاوتن بۆ چالاکییەکی هاریکاری (co-operative) دەگۆڕێت، ئەوکات هەموان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن تاوەکو یارمەتیی ئەوانی تر بدەن بۆ پاراستنی وێنەی کەسایەتیی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە وشە تابووەکانی زمان. (سەرچاوەی پێشوو: ١٩٧)، بێگومان پێوەرەکانی ئاخاوتنی تابوویش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە چینێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ چینێکی تر دەگۆڕێت، هەروەک چۆن لە زمانی کۆمەڵەیەکی زمانییەوە بۆ کۆمەڵەیەکی زمانی تر دەگۆڕێت، بەنموونە لە زمانی لاتینیدا سڵ ناکەنەوە لە گوزارشتکردن لە شتە تابووەکان بە ناوەکانی خۆیانەوە و بەبێ پەنابردن بۆ وشەی خوازراو بەکاریان دەهێنن، بەڵام زمانی ئینگلیزی، لە زمانی عەرەبییەوە نزیکە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا.(بڕوانە: ١-السعران: ١٩٦٣، ١٣٢، ٢- وافي: ١٩٨٣، ١٧-١٨) زمانی کوردیش لەم بارەیەوە، هەروەک زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خۆی لە بەکارهێنانی وشە تابووەکان دەپارێزێت.

پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئەرکی تاک و کۆمەڵگایە، چونکە ئەو بەهایانە ڕەفتاری تاک ڕێك دەخەن و ئاراستەی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانیشی کۆنترۆڵ دەکەن و هەروەها دەیشیپارێزن لە لادانە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، دەکرێت بڵێین: ئەم بەهایانە ڕۆڵی گەورە لە ژیانی کۆمەڵگا و تاکدا دەبینن، ئەم بەهایانە ڕەنگدانەوەی دونیابینی و کەلتووری کۆمەڵگاکانە، هەروەها ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئەو توانایە بە تاک دەبەخشێت، کە حوکم بەسەر باشی و خراپی یان گونجاوی و نەگونجاویی دەربڕاوەکاندا بدات. پێویستە لەسەرمان

وەکو ئاخێوەر سەرەتا پێشبینیی ئەو کێشانە بکەین کە لەلایەن وەرگرەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە کاتێکدا هەوڵ دەدات تێ بگەیەت لەوەی کە دەیڵێین، هەر بۆیە پێویستە وریا بین لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە دەیڵێین و پێشبینی لەوەی کە چۆن لێمان تێدەگەن.(هدسن: ١٩٨٧، ١٩٧)

## ٦/٢)چوارچێوەی بارودۆخی ئاخاوتن( Situational Context):

یەکێک لەو بابەتانەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێی دەکۆڵێتەوە جۆراجۆربوونی زمانە بەهۆی فرەچەشنیی ئەو هەڵوێست و بارودۆخانەی لە ئاخاوتندا هەن. بە وێنە ئەگەر زارە ناوچەییەکان لەسەر بنەمای شوێنی نیشتەجێبوونی قسەکەر دیاری بکرێت، زارە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر بنەمای چینی کۆمەڵایەتیی قسەکەر دیاری بکرێت، ئەوە زاری بارودۆخ لەسەر بنەمای ئەو هەڵوێست و بارودۆخانەی کردەی ئاخاوتنەکەی تێدا دەوترێت دیاری دەکرێت، ئەم بارودۆخەش پێکدێت لە سروشتی بابەتەکە، جۆری کەسی قسەکەر و پەیوەندی قسەکەر و گوێگر، ئەو ئامرازەی بەکاری دەهێنێت لە کردەی گەیاندنی بابەتەکەدا، لە ڕوانگەی ئەم ئاراستانەوە، زمان و جۆراجۆرییەکەی بە دیار دەکەوێت.(کزار: ٢٠١٨، ٤٩). بەکارهێنانی وشە تابووەکان نەک لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر، لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت لە تاکە کەسێکیشدا بە پێی ئەو بارودوخە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی پەیامەکەی تێدا دەردەبڕێت دەگۆڕێت.(أبوحسین، ٢٠١٠: ١١) کەواتە وەک چۆن شێوازی ئاخاوتنی تاک تایبەتی خۆی هەیە، بەوێنە شتێکی نامۆ دەبێت کاتێک پیاوێک بەشێوازی ژنانە قسە دەکات، بەهەمان شێوە هەر بۆنە و بارودۆخێک دەربڕاوی تایبەتی خۆی هەیە، بە وێنە ئەو هێما زمانییانەی لە بۆنەیەکی خۆشیدا دەوترێت، نابێت لە پرسەیەکدا بەکار بهێنرێت، یان ئەو دەربڕاوانەی لە وتارێکی سیاسیدا دەوترێت جیاوازە لەوەی لە وتارێکی ئاینیدا دەوترێت. هەر بۆنە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وتە و دەربڕاوی خۆی هەیە، بەکورتی هەموو شوێن و بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وتە وهێمای زمانیی خۆی هەیە.

## ٣)گەیاندنی زمانی و توانست و لێهاتوویی زمانی

## ١/٣)گەیاندنی زمانی ( Language Contact):

ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی ئاسان و گشتگیر چەمکی گەیاندن ڕوون بکەینەوە دەکرێت لە تێڕوانینە گشتییەکەی (هارولد لاسویل)ەوە دەست پێ بکەین کە دەڵێت: پرۆسەی گەیاندن دەکرێت لە ڕێگەی ئەم دەستەواژە ئاسانانەوە ڕوون بکرێتەوە:

Who says, what, in which channel, to whom, with what effect

کێ دەیڵێ؟، چی دەڵێ؟، بەچی ئامرازێک دەیڵێ؟، بۆ کێی دەڵێ؟، کاریگەرییەکە چۆن دەبێت؟(عكاشة: ٢٠٠٥،٢٠)بەم شێوەیە گەیاندنی زمانی، پرۆسەیەکە، یان شێوازێکە کە لە ڕێگەیەوە زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دەگوازرێتەوە، هەتاوەکو لە نێوانیاندا بڵاو دەبێتەوە، تێگەیشتن لە نێوان ئەم دوو کەسە و کەسانی تردا دەهێنێتە ئاراوە، بەمەش ئەم پرۆسەیە دەبێتە خاوەنی ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی خۆی و ئاراستەیەکیشی دەبێت لەسەری دەڕوات، ئامانجێکیشی دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بوارێکیشی دەبێت کاری تێدا دەکات وکاریگەریشی تێدا دەبێت، بەوەش بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ژێر باری تێبینی و توێژینەوە و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کارەکییەوە.(الطوبجي: ١٩٨٧، ٢٥) بەواتایەکی تر ((گەیاندنی زمانی ئەو گەیاندنەیە کە هێما زمانییەکانی، وەک ئامرازی گواستنەوە تێدا بەکاردێت، چونکە زمان ئامرازی یەکەمی گەیاندنە لە کۆمەڵگادا.))(عكاشة، ٢٠٠٥: ٣٢)

## ١-١/٣)پێکهێنەرەکانی گەیاندنی زمانی:

لە پرۆسەی گەیاندندا هەمیشە چوار پێکهێنەری سەرەکی بوونیان هەیە و پێویستن، کە ئەوانیش: پەیام، نێرەر، ئامرازی گەیاندن ، وەرگر.(دمياطي: ٢٠١٧، ١٥):

1- **پەیام (Message):** ئەو ناوەڕۆکەیە، کە نێرەر دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ ئەوانی تر بەمەبەستی کارتێکردنیان، هەر پەیامێک ناوەڕۆکێکی هەیە، ئەویش بریتییە لەو بیرانەی دەمانەوێت گوزارشتیان لێ بکەین، هەروەها شێوەیەکی هەیە، ئەویش بریتییە لەو هێما زمانییانەی، کە بەهۆیانەوە گوزارشتەکان دەردەبڕین.
2- **نێرەر (Sender):** ئەمەش سەرچاوەی پەیامەکەیە. بێگومان ئەو لایەنی یەکەمە لە پرۆسەی گەیاندندا، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دەبێت لە ڕێگەی ئەو بیروبۆچوونانە، کە لایەتی. نێرەرەیش لێرەدا دەکرێت تاکێک بێت یان کۆمەڵە تاکێک بێت، بەڵکو دەکرێت مرۆڤێک بێت یان ئامێریک بێت سەرەڕای جیاوازیی نێوانیان.
3- **ئامرازی گەیاندن (Medium):** مەبەست لەو ئامرازەیە، کە لە ڕێگەیەوە پەیامەکە دەنێررێت. ئامرازەکانیش جۆراوجۆرن لە نێوان دەنگی ئاسایی لە کاتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆدا تا پەرتووک و نەخشە و وێنە و تۆماری دەنگی و ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، لە رادیۆ و تەلەفزیۆن تا دەگاتە ئامێری کۆمپیوتەر، یان هەر ئامرازێکی تر.
4- **وەرگر(Receiver):** مەبەست لەو لایەنەیە کە پەیامەکەی لەلا کۆتایی دێت و پێی دەگات، کە دەکرێت تاکێک بێت یان کۆمەڵە تاکێک بێت، ئەو لایەنەیە کە کردنەوەی کۆد و هێماکانی پەیامەکە و شیکردنەوەیان دەکەوێتە سەر و دواتر هەڵوێستی گونجاویان لەبارەوە دەگرێتەبەر.

## ٢-١/٣)(توانستی زمانی- Linguistic Sufficiency) و توانستی گەیاندن- Communication Sufficiency):

توانستی زمانی لە بواری ئاخاوتندا لە زمانی یەکەمدا، ئەوەیە، کە تاک شارەزای ئەو سیستەمەیە، کە حوکمی زمانەکەی دەکات و بەبێ سەرنجدانی ورد و بیرکردنەوەی قووڵ بەکاری دەهێنێت... بەکورتی سەلیقەی زمانی و خاوەندارێتیی زمانییە لای تاک، ئەو سیفەتەیە کە کەسی بیانی هەمیشە هەوڵی زۆر دەدات بەدەستی بهێنێت سەرەڕای سەرنەکەوتنی لەو کارەدا.(طعيمة: ١٩٨٩،٢٨) بەلای چومسکییەوە توانستی زمانی، بریتییە لە: توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە ڕستە لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە فۆنیمەکان، هەروەها توانای بڕیاردان لەسەر ڕاست و دروستی ئەو ڕستانەی دەیانبیستێت لە ڕوانگەی ڕستەسازی و پێکهاتەییەوە، دواتر توانای لێکدان لەنێوان فۆنیمە بەرهەم هاتووەکان و کۆکردنەوەیان لەشێوەی مۆرفیم و ڕێکخستنیان لە ڕستەکاندا و توانای پەیوەستکردنیان بە مانایەکی زمانی دیاریکراوەوە.(القيسي: ٢٠٠٨، ٤٧)

توانستی گەیاندن بە پێی تێڕوانینی (کریستال) لە دائیرەی زانیاریی زمانی، مەبەست لە هۆشیاریی تاکە بەو یاسایانەی حوکم دەکەن لەسەر بەکارهێنانێکی گونجاو لە بارەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام بەلای (ڕوبن)ـەوە توانستی گەیاندن لەسەر ئاستی زانکۆ ئاماژەیە بۆ توانای خوێندکار و هەروەها مامۆستا لە ناردن و وەرگرتنی پەیامێکی گونجاو بۆ ئەو هەڵوێست و باردۆخانەی دەوروبەر و چالاکیشە لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکەیدا.(طعيمة: ٢٠٠٢، ٢٩)

توانستی گەیاندن بەکارهێنانی زمانە لە کۆمەڵدا بە لەبەرچاوگرتنی یاسا کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان. ئەم توانستە پێویستی بە زانیاری سیستەمی زمان و توانای پەیوەندی گرتنێکی دروستە

لەگەڵ ئەوانی تردا بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی. واتە بە تەنیا زانیاری لە زمان و سیستەمی زمانی بەس نییە بۆ ئەوەی پرۆسەی گەیاندن بە تەواوی دروست بێت، بەڵکو هاوتەریب لە گەڵ ئەوەدا پێویستە بزانین لە چ پێگەو بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەکاری دەهێنین.

کەواتە دەتوانین بڵێین: لە چەند ڕوویەکەوە توانستی زمانی و توانستی گەیاندن لەیەکتر جیاوازن، کە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن(طعيمة، ٢٠٠٤: ١٧٦-١٧٧):

1 - لە ڕووی زانیارییەوە: توانستی زمانی ئەو زانیارییە شاراوانە دەگرنەوە کە تایبەتن بە پێکهاتە زمانییەکان، بەڵام توانستی گەیاندن ئەو زانیارییە شاراوانە دەگرنەوە کە تایبەتن بە بەکارهێنانی زمان لە هەڵوێست و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا.

2 - لە ڕووی یاسا خۆسەپێنەکانەوە: توانستی زمانی کۆمەڵە یاسایەک حوکمیان دەکەن، کە ئەویش یاسا زمانییەکانە، بەڵام توانستی گەیاندن چەند یاسایەکی تر حوکمی دەکەن کە تایبەتە بەو پەیوەندییانەی لە نێوان کەسەکاندا هەن، یان ئەو یاسایانەی تایبەتن بەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و مەرجە کەلتووریانەی لە ناو کۆمەڵدا لەسەری ڕێککەوتوون.

3 - لە ڕووی ڕستەسازییەوە: توانستی زمانی سەبارەت بە ڕستەسازی، بایەخ دەدات بە ڕادە و ئاستی پابەندبوونی ڕستەکان بە یاسا زمانییە دیاریکراوەکانەوە، واتە شێوەی سینتاکسی ڕستەکان جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان و پسپۆڕی توانستی زمانییە، بەڵام ئەوەی کە تایبەتە بە توانستی گەیاندن، ڕادە و ئاستی گونجانی ڕستەکانە لە گەڵ چوارچێوە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا، لایەنی کۆمەڵایەتی جێگەی بایەخی توانستی گەیاندنە.

## ٣-١/٣)لێهاتوویی زمانی( Language Skill):

لێهاتوویی ئەداکردنێکی کارامەییانەیە، کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ئابووریکردن لە کات و لە وزەدا پێکەوە بنیادنراوە، لێهاتوویی زمانیش ئەداکردنی کارامەیی زمانییەیە، جا قسەکردن بێت یان خوێندنەوە یان نووسین بێت یان گوێگرتن.(سعادة: ٢٠٠٣، ٤٥) بە واتایەکی تر لێهاتوویی توانای بەجێگەیاندنی کارێکە کە پێوەرەکەی تێگەیشتن و خێرایی و وردییە.(الداية، جمل: ٢٠٠٤،١٥) (مان)یش دوو جۆر کارامەیی لەیەکتر جیادەکاتەوە، یەکەم: جوڵەیی (حركي)، دووەم: زمانی (لغوي)، لە درێژەی باسەکەیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە لێهاتوویی جوڵەیی تاڕادەیەک زمانییە و هەروەها لێهاتوویی زمانیش لەبەشێکیدا جووڵەییە.(طعيمة:٢٠٠٤، ٢٩)لێهاتوویی گەیاندنی زمانی توانای تاکە لەسەر ڕاهاتن لە گەڵ یاساکانی زمان و بەکارهێنانی ئەو یاسایانەیە لە پێناو ئەداکردنی چەند ئەرکێکی گەیاندنی دیاریکراودا بەچەند ڕێگایەکی گونجاو بۆ چەند بارودۆخێکی دیاریکراو. مەبەست لەو یاسایانەش سیستەمی زمانەکەیە بەشێوەیەکی گشتی. (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٢)

(هدسن) لێهاتوویی زمانی یان ئاخاوتن بە (کاری لێهاتوو) ناو دەبات و بەلایەوە ئاخاوتنیش جۆرێکە لە (کار)، لەبەرئەوەی هەوڵدانی پێویستە، پلەی سەرکەوتنیشی پشت بە ڕادەی ئەو هەوڵە دەبەستێت، کە دەدرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئاخاوتن لە هەندێک کاتدا دەکرێت سەرکەوتووتر بێت بەراورد بە هەندێک کاتی تر، هەروەها هەندێک لە خەڵکی زیاتر لەوانی تر شارەزاترن لە ئاخاوتندا، هەر بۆیە هەندێک کات واهەست دەکەین توانای ئاخاوتنمان نییە، یان هەندێک لە خەڵکی ڕووبەڕووی سەختیی زۆر دەبنەوە لە هەڵبژاردنی وتەیەکی گونجاو بۆ کاتێکی گونجاو.(هدسن:١٩٨٧، ١٩٣)واتە: بوونی (توانستی ستراتیژی - Strategic Competence) یە لە تاکدا، کە ئاماژەیە بۆ توانای تاک لە هەڵبژاردنی ئەو شێواز و ستراتیژانەی گونجاون لە

دەستپێکردن و کۆتاییهێنان بە ئاخاوتن، سەرنجڕاکێشانی ئەوانی تر بۆ ئاخاوتنەکە، گۆڕینی ئاراستەی ئاخاوتنەکە، جگە لەوە هەر ستراتیژییەکی تر کە گرنگە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی گەیاندن.(طعيمة: ١٩٨٩،١٢٠)

## ٤)پیسبوونی زمانی و پێگە و کەسایەتی

### ١/٤)زمان و کەسایەتی:

کەسایەتیی مرۆڤ بەگشتی لە بەڕێزی و سەنگینیی کەسەکاندا دەردەکەوێت. مرۆڤی خاوەن کەسایەتی، ئەو کەسەیە کە بەڕێز و سەنگینە لە ئاکار و ڕەفتارە گشتییەکەیدا، بەشێکی ئەم ڕەفتارەش لە ڕێگەی ئاخاوتن و زمانەوە بە دیار دەکەوێت. واتە ئەو شێوازەی تاک لە کاتی ئاخاوتن یان نووسیندا پەیڕەوی دەکات دەربڕی بەشێکە لەو کەسایەتییە و سیمایەک لە سیماکانی کەسایەتیی مرۆڤ پێکدێنێت.

بێگومان زمان گوزارشت لە هەست و سۆز و ئاراستەی بیروباوەڕ و لایەنداریمان دەکات، وەک: مرۆڤ، دواتر بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان کاریگەری لەسەرمان دادەنێت، لەوانەیە ئێمە درک بەوە نەکەین، بەڵام لە ڕێگەی گوزارشت و وشە و دەربڕاو و پێکهاتە و واتا جیاوازەکانەوە کاریگەریمان تێدا دروست دەکات. بەوێنە کاتێک پێت دەوترێت تۆ (مرۆڤێکی ڕەوشت جوانی، مرۆڤێکی جوانی، مرۆڤێکی ئازای، مرۆڤێکی پایەبەرزی)، ئەمە و هەندێ لەو ڕستانەی تر، کە واتا و چەمکی باش و هاندرییان تێدایە، کە دڵخۆشت دەکات و بارێکی ئەرێنی لە دەروونتدا جێدەهێڵێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە بارودۆخەکە جیاوازتر دەبێت کاتێک پێت دەوترێت تۆ (مرۆڤێکی دۆڕاوی، مرۆڤێکی سەرنەکەوتووی، مرۆڤێکی بێ ئەقڵی، مرۆڤێکی بێ ڕێزی) هەموو ئەم گوزارشت و دەربڕاوانە پەیامێکی نەرێنییان تێدایە و بەرەو نووشستیت دەبات و هەست بە نائومێدی زۆرت دەکات، کەواتە زمان بەگوێرەی شێوەی دەربڕاوەکانی بە دوو ئاراستە کاریگەریمان لەسەر جێدەهێڵێت ئاراستەیەکییان ئەرێنییە و ئاراستەکەی تریان نەرێنییە.(عماري:٢٠٢١، ٦٧-٦٨)

هەرچی کاریگەریی زمانە لەسەر تاک لە ڕووی هزرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگەیەی تاک هەڵی دەبژێرێت لە باوەڕهێنان بە گوێگرەکانی بە کۆمەڵی وشەی کاریگەر، ئەمەش ڕوونادات بەبێ بەکارهێنانی زمانێک، کە هەڵگری کۆمەڵە دیاردەیەکی جۆدا بێت، بەنموونە زمانی وتاربێژ لە وتاری نوێژی ڕۆژی هەینی تەواو جیاوازە لە زمانی وتاری ئەو پیاوە ڕۆشنبیرەی، کە وتارەکەی ئاراستەی چینێکی خوێندەوار و هوشیار و خاوەن هزر دەکات. بەهەمان شێوە زمانی وتاری پیاوی سیاسیش جیاوازە لەوانی تر.(سەرچاوەی پێشوو:٢٠٢١، ٦٨).

دیاریکردنی زمانی کەسایەتی، بابەتێکی یەکجار ئاڵۆزە، چونکە ئەو زمانە نازانرێت لەسەر بنەمای شوێنی چینایەتی، یان پێگەی کۆمەڵایەتی، یان ئەو پۆست کارگێری و ئاستە زانستی و ڕۆشنبیرییەی بەدەستی هێناوە دیاری بکرێت، لەبەر ئەوە ئەستەمە قسە لەسەر زمانی کەسایەتی بکرێت، بەوەی گوزارشتە لە کۆمەڵێک، یان چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، هەرچەندە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە هەموو ئەو کەسانەی خاوەن پێگە و پۆست و پلەوپایەی زانستی و ڕۆشنبیرین پێویستە زمانی ئاخاوتن و نووسینیان بەڕێز و سەنگین بێت.

### ٢/٤)پیسبوونی زمانی و چینی خاوەن پێگە و کەسایەتی:

ئەو چینانەی خاوەن پێگە و کەسایەتیین لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەبنە چینی ناسراوی ناو کۆمەڵگا و هەموو ڕەفتارێکیان بە ڕەفتاری زمانیشەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری کۆمەڵگاکەیانەوە، چونکە

دەربڕاوە زمانییەکان دەبێت بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە مەبەست لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەن، کە پلەوپایەی قسەکەر و چین و توێژ و ئاستی ڕۆشنبیری، پیشە، ڕەگەز، تەمەن، باری خزمایەتی و نزیکی و دووری و یەکسانی و نایەکسانی دەگرێتەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری لە گەڵ گوێگردا لە ڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاری دەکەن.(فەرەج: ٢٠٠٠، ١٤١-١٤٢). ئەو وشە و دەربڕاوانەی سیمای پیسبوونی زمانیان تێدایە نامۆ نیین بە زمان و هەر لە کۆنەوە لای تاکەکانی کۆمەڵ لە بارودۆخی ئاسایی و دیاریکراودا لەسەر بنەمای پەیوەندیی قسەکەر و گوێگر شوێن و کات و بۆنەی دەربڕینیان لە هەموو زمانێکدا لە زماندا بەکار هاتوون.

لە زمانی کوردیشدا ئەم وشە و دەربڕاوانە بوونیان هەیە و بەپێی بارودۆخە جیاوازەکانیش بەکاردێن، بەڵام لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەربڕاوانەی سیمای پیسبوونی زمانییان پێوە دیارە، پەسەند و ڕێگە پێدراو نیین لای ئەو کەسانەی خاوەن پێگە و کەسایەتیین. ئەو چینانەی کۆمەڵیش، کە خاوەن پێگە و کەسایەتیین، ئەوانەن، کە پێگەیەکی کۆمەڵایتییان هەیە، یان هەڵگری پلەی زانستی و ئەکادیمین، یان خاوەن پۆستێکی کارگێڕی یان پلەیەکی سیاسین، یان کارکتەرێکی هونەری و ڕوشنبیری و ئەدەبیی دیاری ناو کۆمەڵگان، بۆیە دەبێت هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن ئەو زمانەی، کە بەکاری دەهێنن لەگەڵ کەسایەتی و پێگەکەیاندا گونجاو بێت و سیمای واتای پیسبوونی زمانی لە وتەو دەربڕاوەکانیاندا ڕەنگ نەداتەوە و خۆیان بەدوور بگرن لە وشە و دەربڕاوە تابووەکانی زمان، واتە زمانی پەیامەکانیان سیمای زمانی ڕێزیان پێوە دیار بێت، مەبەستیش لە زمانی ڕێز بەجێگەیاندنی هەر چالاکییەکی زمانی ڕێکخراوە لە هەر کۆمەڵەیەکی زمانییدا، کە بەشێوەیەکی گونجاو لێی بروانرێت لە ڕووداوی لێکگەیشتنی ئێستاییدا.(کوڵماس: ٢٠٠٩، ٧٩٣ )ئاخاوتنیش بریتییە لە بەدەستهێنانێکی کردەیە و دەستکەوتێکی زمانی لەسەر ئاستی کاری کۆمەڵایەتی، بەکارهێنانیشی پەیوەستە بە کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بە پێکهاتەکەیەوە، هەروەها پەیوەستە بە بەکارهێنانی راستەقینەی زمانەوە، ئەمەش ئەو یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە ڕێککەوتنیان لەسەر کراو.(فیران: ٢٠٢١، ١١١) بێگومان خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی ستراتیژی و بنەڕەتییان دەبێت لە برەودان بە زمانی ڕێز و بەکارهێنانی فەرهەنگێکی زمانیی ئەوتۆ، کە پارێزگاری لە ئاکار و بەها باڵاکانی کۆمەڵگای کوردی بکات.

هەروەها پێویستە بۆ گەیاندنی واتای وشە تابووەکان پەنا بۆ وشە خوازراوەکان ببرێت ، هەرچەندە ئەو وشانەی، وەک وشەی خوازراو لە بری وشە تابووەکان زۆر بەکار دەهێنرین، دوای چەند ساڵێک ئەمانیش دەبنە نەگونجاو و تابوو لە ڕوانگەوە هەمان ئەو کۆمەڵگایەوە و بەکارهێنانیان قەدەغە دەکرێت و بە وشەی تر دەگۆڕدرێن.(السید: ١٩٩٥، ١٦٩)لە ڕووی توانستی زمانی و لێهاتوویی زمانییشەوە پێویستە کەسانی خاوەن پێگە و کەسایەتی بەکارهێنانیان بۆ زمانەکە لە ئاستێکی فەرمی و دروستدا بێت و زمانەکەیان کەموکوڕیی زۆر و بەرچاوی تێدا نەبێت. واتە ئەو کەسەی پەیامێک دەنێرێت گوتراو بێت یان نووسراو، پێویستە شارەزای ئاستە جیاوازەکانی ئەو زمانە بێت، کە پەیامەکەی پێ دەنێررێت، پێگە و کەسایەتیی خۆی و کات و شوێن و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی پەیامەکەی تێدا دەردەبڕێت بەهەند وەربگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا بتوانێت هێمای زمانی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ ئەو ئەرکە زمانییەی دەیەوێت بیگەیەنێت، لە کۆتاییشدا پێشبینی ئەو کاردانەوە بکات، کە لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە دروست دەبێت بۆ پەیامەکەی. ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە بەدیارخستنی ئەو وشە تابوویانەیە لە پەیام و لێدوانی ئەو کەسانەی خاوەن پێگە و کەسایەتیین لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی، لە خوارەوەش ئاماژە بەو کەسایەتییانە و شێوەی دەربڕاوەکانیان دەدەین لە کۆمەڵگای کوردیدا.

### 1 - کەسایەتیی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵە کەسانێک هەن خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیین و لەناو کۆمەڵدا ڕێز و قورسایی خۆیان هەیە و وتە و دەربڕاوەکانیان جێگەی بایەخی تاکەکانی کۆمەڵن. لەوانە:( مامۆستای ئایینی، سەرۆکی هۆز ، دەوڵەمەند و بازرگان، کەسانی خێرخواز ...هتد). دەگرێتەوە.

هەر لێدوان و وتار و ئاخاوتن و نووسینێک، کە سیمای پیسبوونی زمانیان تێدا بێت لای ئەم چینەی کۆمەڵ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی نەرێنی لەسەر کەسایەتییان جێ دەهێڵێت و وتەکانیان دەنگدانەوەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کاریگەریی نەرێنیی زمانیش لەسەر کۆی تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکەن. بە وێنە وتەی دوو مامۆستای ئایینی:

-مامۆستای ئایینی: ((بەشانازییەوە سەلەفیم و دەڵێم ڕووی بابی ڕێکخراوەکانی جێندەری ڕەشبێت و جێندەر واتە هیندەر.)) ( [https://www.youtube.com/watch?v=SBu-elhXxvI](https://www.youtube.com/watch?v=SBu-elhXxvI))

دەربڕاوەکانی (ڕووی بابی ڕەشبێت، هیندەر) لەو جوێن و وشە تابوویانەن، کە لەگەڵ زمانی فەرمیی مامۆستای ئایینیدا ناگونجێت و نابێت بەکار بهێنرێت.

-مامۆستای ئایینی :((حکومەتی هەرێم ڕاوێژکاری نییە ڕاوێژکەری هەیە)).
( [https://www.facebook.com/Rozhi.nwee/videos/660860046045400](https://www.facebook.com/Rozhi.nwee/videos/660860046045400))

لێکچوواندنی ڕاوێژکارەکانی حکومەت بە (ڕاوێژکەر)، واتە لێچوواندنیان بە ئاژەڵ جۆرێکە لە جوێن و لەگەڵ زمانی فەرمیی مامۆستای ئایینیدا یەکناگرێتەوە.

### 2-کەسایەتیی زانستی و ئەکادیمی:

ئەو کەسانەی، کە بڕوانامەیەکی زانستی و ئەکادیمییان بەدەست هێناوە، وەک: مامۆستایەک و پەروەردەکارێک لە ناوەندە پەروەردەیی و زانستییەکاندا قوتابی و خوێندکار پێ دەگەیەنن و لە ناوەندی زانستیشدا نازناوێکی زانستییان هەڵگرتووە، پێویستە ورد بن لە هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەربڕاوانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وەک پەیامێک بۆ ڕایگشتی بەکاری دەهێنن. واتە نابێت وشە و دەربڕاوەکانیان سیمای پیسبوونی زمانی لە خۆبگرێت، لەبەر ئەوەی ئەم چینە لەگەڵ ئەوەی هەڵگری بڕوانامەیەکی زانستیین لە هەمان کاتدا، وەک چینێکی پەروەردکار لە کۆمەڵدا دەناسرێن و هەر هەڵەیەک لە شێوازی دەربڕین و ئاخاوتن و نووسینیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەو قوتابی و خوێندکارانەی پەروەردەیان دەکەن و پێیان دەگەیەنن. ئەمەش چەند نموونەیەک لە وتە و نووسینەکانیان.

**تێبینی: هەندێك لە نموونەكان ئاماژە بەسەرچاوەكانیان نەدراوە، لەپێناو پاراستنی كەسایەتیی خاوەنەكانیان و دووچار نەبوونی توێژەر بە سزای ناوزڕاندن.**

- مامۆستای پەروەردە: ((گەر ١١١ مانگای فریزیمان بەخێوکردبایە، ئێستا خاوەنی سەروەتێکی نیشتمانی بووین و بودجەیەکی زۆریشمان بۆ دەمایەوە!)) (پەڕەی تایبەتی مامۆستایەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)

لێکچوواندنی ئەندامانی پەرلەمان بە جۆرێک لە ئاژەل جۆرێکە لە پیسبوونی زمانی و لەگەڵ زمانی مامۆستادا ناگونجێت.

- مامۆستای پەروەردە: ((پێویست ناکات بیرەوەری شاخ بنوسنەوە! ئێمە گەوادیەکانی شارتانمان بینی.)) (پەڕەی تایبەتی مامۆستایەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)
وشەی (گەواد) جوێنێکی ئاشکرایە و شێوەیەکی تری پیسبوونی زمانە و لە گەڵ زمانی مامۆستا و پەروەردەکاردا ناتەبایە.

- مامۆستای پەروەردە: ((ڕەحمەت لە کفن دز، کەرەکەی گاوە و هاتووە لە پەرلەمان غوسڵی خۆی دەرکات.)) (پەڕەی تایبەتی مامۆستایەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)
وشەکانی (کفن دز، کەرەکەی گاوە) لەو وشە تابوویانەن، کە ناکرێت وەک پەیامێکی گشتی بەئاشکرا دەرببڕێت.

- مامۆستای پەروەردە: ((کام شوێنە خراپە لە دونیا ئەوەنەی ئەم بینایە(پەرلەمان) لە ئێستایە دز و دروزن و بێ ئەخلاق و موزایەدەچی و کۆیلەی تیا نییە.)) (پەڕەی تایبەتی مامۆستایەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)
وشەکانی (دز، بێ ئەخلاق، درۆزن، کویلە) لەو وشانەن کە هەڵگری واتای پیسبوونی زمانین و ناکرێت مامۆستا بەکاری بهێنێت.

- مامۆستای پەروەردە: ((ئەوانەی هەرێمی کوردستان بەڕیوەدەبەن کۆمەڵێ دزو و چەتەی فێلبازن و ئەوانەیشی داکۆکی ناڕەوای لێ دەکەن و دەیپارێزن کۆمەڵێ کویلەی پەرژەوەندی خوازن.)) (پەڕەی تایبەتی مامۆستایەک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك)
دیسان وشەکانی (دز، چەتە، کوێلە) لە گەڵ زمانی فەرمی مامۆستا یەکناگرێتەوە.

## 3- کەسایەتیی کارگێڕی:

کەسایەتیی خاوەن پێگەی کارگێڕی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە خاوەن پلە و پۆستێکی کارگێڕین، هەر لە سەرۆکی وڵات و وەزیر و ئەندام پەرلەمانەوە تا دەگاتە بەڕێوەبەرێکی گشتی لە هەر دامودەزگایەکی وڵاتدا. بێگومان ئەم چینەش لە ناو کۆمەڵگادا ناسراون و هەر ئاخاوتن و نووسینێکیان سیمای نارێزیان پێوە دیار بێت، هەر زوو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەی دەبێت و کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ دروست دەکات و بە خراپیش بەسەر زمانە فەرمییەکەدا دەشکێتەوە، چونکە زمانی ئەم چینە زمانێکی فەرمییە و پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوی نەشیاو، واتە دەبێت ئاخاوتن و نووسینەکانیان هاوتایی پلە و پێگەکانیان بێت. لە خوارەوە چەند نموونەیەك لە زمانی ئەو چینە دەخەینەڕوو:

- بەرپرسێکی باڵا لە سەرۆکایەتی هەرێم لە باسی پەرلەمانتاراندا: ((ئاخر بۆیە حاڵمان جوانە، ئەوانە لە پەرلەمانن، ئەوانە نوێنەری خەڵکن، ئەوانە یاسا دەرئەکەن... بەداخەوە بۆ ئەو منداڵ و مەزم و نەزان و نەفام و بێ ئەقڵانە، کە ئەمانە وەک ندی و بدی ئەوانە ئەو نەوعە قسانە ئەکەن هاتوونەتە ئەو شوێنانەوە بە هەوسی خۆیان تەصریح ئەدەن.))
(https://www.facebook.com/watch/?v=364110878821388)

وشەکانی: (منداڵ و مەزم، نەزان و نەفام، بێ ئەقڵانە) لە وشانەن، کە سیمای بێرێزیان بە زەقی پێوە دیارە، ئەم وشانەش لەلایەکەوە لەگەڵ پێگەی قسەکەردا ناگونجێت، لەلایەکی ترەوە وشەکان

ئاراستەی کەسانی خاوەن پلەو پایە کراون. واتە پێویستە بزانین چ وشە و هێمایەکی زمانی هەڵدەبژێرین بەشێوەیەک، کە گونجاو بێت بەپێی شوێنی گەیاندنی پەیام و پێگەی قسەکەر و ئەو کەسەی پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت.

- وەزیرێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا: ((ئەوەی گەندەڵی دەکاتن نەشەرفی هەیە نە ناموسی هەیە نە ئەسڵی هەیە نە ئەخلاقی هەیە، ئەوجا باوەڕ بکەن بە حەقی خوای ڕەب العالمین ئەوەی بگرم موزەفی من بیتن یان بیانی بیتن یان چاوشین بیتن ئەجنەبی بیتن سەد پارچەی دەکەم بەقورعان .))

(https://www.facebook.com/watch/?v=374668914000383)

وشەکانی: (نەشەرەفی هەیە ، نەناموسی هەیە، نەئەسڵی هەیە، نە ئەخلاقی هەیە) لە وشە تابووەکانی زمانن و لەگەڵ پێگەی وەزیردا ناگونجێن، هەروەها لەگەڵ پێگە و شوێنی ئاخاوتنەکەشدا ناگونجێت، کە پەرلەمانی کوردستانە و لە دەزگا باڵاکانی وڵاتە، هەروەها وشەی (سەد پارچە) بە واتای کوشتن دێت و جۆرێک لە زمان زبری پێوە دیارە و شێوەیەکی بازاڕیانەیە و لەگەڵ زمانی فەرمی وەزیردا ناتەبایە، دەربڕاوەکان بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر کەموکوڕی توانستی زمانی لای قسەکەر و لەبەرچاونەگرتنی بارودۆخی ئاخاوتنەکە.

-ئەندامی پەرلەمانی کوردستان: ((هەتا سێ و چوار خاوەن بەنزینخانە بەداردا نەکرێن کێشەی خراپی کوالێتی بەنزین چارەسەر نابێت.)) ( https://www.facebook.com/watch/?v=1871536403044097 )

دەربڕاوی (بەداردا نەکرێن) دیسان وشەیەکە لەگەڵ زمانی فەرمی پەرلەمانتاردا یەک ناگرێتەوە، شێوەی زمانی بازاڕییە.

- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان: ((گەورەترین بێئەخلاقی ئەوەیە کە ئەم حکومەتە ڕووخاوە، بەڵام ئێوە بوونەتە دارشەق بۆی.))

( https://www.facebook.com/101988831401290/photos/a.104679994465507/183542533245919/ )

وشەکانی: (بێئەخلاق ، دارشەق) وشەی تابوون و لەگەڵ زمانی فەرمی پەرلەمانتاردا ناتەبایە.

### 4 - کەسایەتیی سیاسی:

زمان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە دابینکردنی سەقامگیری سیاسیدا هەیە. سەرکردەی گەل و نەتەوەکان هەر زوو درکییان بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە هەمیشە لە ڕێگەی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە هەوڵیانداوە گەشە بە زمانی تاک و کۆمەڵ بدەن، هەر بۆیە ڕووسیا لە دوای شۆڕشەوە لە ماوەی بیست ساڵدا توانیوێتی ڕێژەی نەخوێندەواری بە ڕێژەی سی و پێنج لە نێوان بەتەمەنەکاندا نەهێڵێت و هەروەها چینی نوێ توانیوێتی لە ماوەی دوو ساڵدا نەخوێندەواری لە لای بیست پێنج ملیون کەس لە نێوان بەتەمەنەکاندا نەهێڵێت. ئەمەش لە پێناو یەکخستنی بیر و هەستەکانیاندا، کە خزمەت بە پەیامی یەک گەلی بکات.( لویس: ١٩٥٩، ١٠) هەر لە ڕوانگەی

بایەخی زمان لای سەرکردەی گەلان، وتەیەکی بەناوبانگی (هتلر)یش لەم بارەیەوە هەیە، کە دەڵێت:((ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت دەست بەسەر وشەی دەربڕاودا بگرێت بەڕاستی هەر ئەویش دەتوانێت جڵەوی دەسەڵاتی لە دەستدا بێت.))(سەرچاوەی پێشوو:١١) ئامانجی باڵای هەر دەوڵەتێک لە بنیادی سیاسی و ئەدای کاروبارەکانیدا بۆ ئەوەیە هەست و بیروباوەڕی تاکەکانی یەک بخات بە ئاراستەی بەردەوامیدان بە کۆمەڵگایەک لە چەشنی یەکەیەکی سیاسیی نموونەیی، واتە دروستکردنی بارێکی هاوسەنگ لە دەوڵەتدا. (سەرچاوەی پێشوو: ١٨٨). هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەسایەتی سیاسی پێویستە زیاتر لەوانی تر ئاگای لە وتە و لێدوان و نووسینەکانی بێت، چونکە ئەگەر پەیامەکانیان سیمای بێڕێزیان پێوە دیار بێت، هەر زوو لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا کاریگەری جێ دەهێڵێت و دەنگدانەوەی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کەسایەتییە سیاسییەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو کەسانەن کە پلەو پۆستی حیزبییان هەیە و ڕۆژانە ئاخاوتن و نووسینەکانیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەبێتەوە. بێگومان ئەم چینەش لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاخاوتن و نووسینەکانیان لە دیاردەی پیسبوونی زمانی بەدەر نەبوون. لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

-ئەندامی باڵای حزبێکی سیاسیی کوردستان: ((ئەو کەسەی کە ناوی دێت لێرەو لەوێ نزیک بووە لەو کەسانەی ئەو تاوانانەیان بەرامبەر من کردووە، بەڵام ئەوەنە خوێڕییە ناوێرێ ئەو کارانە بکات.))

( https://www.youtube.com/watch?v=461pVwIo3-s)

وشەی (خوێڕی) وشەیەکی بازاڕییە و لەگەڵ زمانی فەرمیدا ناگونجێت، ناشکرێت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەرییدا بوترێت. واتە لەپاڵ نەگونجاوی وشەکە ڕەچاوی بارودۆخی پەیام و ئاخاوتنەکە نەکراوە.

-کوڕی یەکێك لە سەرۆکی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان: ((لە 6 ی مانگ بەدواوە پەرلەمان تەنها لەوەڕگایە!))

(https://www.facebook.com/sulitimes/posts/678255387080597/?paipv=0&eav=AfbZWIGSbsI5848Ho9Ea3m8JkSTOV0B-XjH1wPNBgLgCPPq8P-iqc9TeyT6x1X2GQ3Y&_rdr)

وشەی (لەوەڕگا)وەکو وشەیەکی تابووە هاتووە، واتە لێکچوواندنی پەرلەمان بە لەوەڕگا ئەوپەڕی بێڕێزییە بەرانبەر بە دەزگایەکی باڵای وەکو پەرلەمان و و ئەندامانی پەرلەمان، واتە بە ئاشکرا چەمکی بێڕێزی و سیمای پیسبوونی زمانی بە پەیامەکەوە دیارە.

-سەرۆکی جوڵانەوەی سیاسی: ((ئەگەر ئەم دەسەڵاتە شتێکی ناقانوونی هەیە دژی من چاوپۆشی لێکردووم، لە تاکێ پێڵاو کەمتر نەبن ئەو چاوپۆشییەم لێ مەکەن... پارتی و یەکێتی ئەگەر بدوڕێن لە ئینتخاباتدا هەر بەشەق لائەبرێن))

(https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=1438870643591439)

دەربڕاوەکانی: (تاکێ پێڵاو، شەق) وشەی بازاڕیین و ناکرێت سیاسییەکی دیار، کە پێویستە زمانەکەی فەرمی بێت بە ئاشکرا لە کەناڵی ڕاگەیاندندا بەکاری بهێنێت.

### 5 ـکەسایەتیی ئەدەبی:

کەسایەتیی ئەدەبی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە بواری ئەدەبدا کار دەکەن و خاوەنی بەرهەمی ئەدەبین و ناو و ناوبانگیان لە مەیدانی ئەدەبدا ڕۆیشتووە. هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەکارهێنانی وشە تابووەکان لە بواری ئەدەبدا چ وەک شیعری داشۆرین یان وەک بابەتی تەنز ئامێز ڕێگە پێدراوە، ئەمەش بەڕوونی لای شاعیرانی کورد بەدیکراوە، ئەوەتا شاعیرێکی، وەک مەحوی، سەرەڕای ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی ناسراویش بووە، بەڵام وەک شاعیرێک لە شیعرەکانیدا وشە تابووەکانی بە زەقی بەکارهێناوە، وەک دەڵێت:

((ئەو دەووت بابەی کە خەڵقی ناوی نابەن بێ جەناب
ئەسڵ و فەسڵی گەر بزانی، واجبە لێی ئیجتیناب
ئەکدەشی خینزیر و سەگ مەعجوونی بەنگ و خەندەریس
داکی دایە ڕێزباری بابی بابیی قەحبەباب)) (دیوانی مەحوی، ١٣٨٧: ٣٧١)

دەبێت ئەوە بڵێین کەسایەتیی ئەدەبی لە دەرەوەی کایە ئەدەبییەکەدا نابێت وشە تابووەکان بەکار بهێنێت، چونکە نووسینی دەقێکی ئەدەبی جیاوازە لە نووسینی دەقێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان هەر دەقێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسایەتییە ئەدەبییانە لە پاڵ کارە ئەدەبییەکەیاندا، کە خۆی دەبینێتەوە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیدا، بەشێکیان هەڵگری بڕوانامەی زانستین و وەک مامۆستا یان پزیشک یان هەر پیشەیەکی تر کار دەکەن و پێی دەناسرێنەوە، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی وشە تابووەکان لای ئەم چینە ئەگەر وەک کەسایەتییە ئەدەبییەکەش ئاسایی بێت ئەوە، وەک ئاستە زانستی و ئاکادیمییەکەی ڕێگە پێدراو نییە. ئەمەش نموونەی دیاردەی پیسبوونی زمانی لای ئەم چینە.

-نووسەرێکی تەنز نووس: ((تەیری خەڵکی ساڵی جارێک ئەڵێ گوو، ئەوەی ئێمە هەموو شەوێ.)) ([https://www.facebook.com/skurd.net/posts/3411454192248289/?paipv=0&eav=AfYT_kgy_75SteS4qQzcgAKolYu8QWz_QJUa-Md7Pgrl2jxy9n4vBLOFRVgM9OEBNS0&_rdr](https://www.facebook.com/skurd.net/posts/3411454192248289/?paipv=0&eav=AfYT_kgy_75SteS4qQzcgAKolYu8QWz_QJUa-Md7Pgrl2jxy9n4vBLOFRVgM9OEBNS0&_rdr))

لەم نووسینەدا وشەی (گوو ) وەکو جوێن بەکارهاتووە. تەنانەت لەم دەربڕینەدا ئەگەر بوترێت، وەک پەندێک و ژانەرێکی ئەدەبیش بەکارهاتووە، دیسان پەندەکە نەگونجاوە و ناکرێت، وەک پەیامێکی گشتی بەکار بهێنرێت.

-ئەدیب و مامۆستای زانکۆ: ((ئەگەر لە بری کتێبخانەکەم قەحپەخانەیەکم دانابا دەتوانم تەلەفۆن دەکەم تجارەکان ئەوانەی قەحپەی دەکڕن و دەفرۆشن لە ئۆکرانیاوە دەیهێنە ئێرە وانییە؟ ئەدی ئەوانەی بە تەیارەی هاتنە خۆ بە سواری کەرێ نەهاتنە؟! ئەگەر قەحپەخانەیەک یان مەشروبخانەیەک پاشان هاوار دەکات، مەشروب، قەحپەی ئۆکرانی... ، قومارخانەیەکم بکردایەتەوە سەردەکەوت، دەبوومە ئەکبەر پارەدار، ئەو وەختی هەموو ئەو کۆمپانیانەی قەشمەری و گاڵتە بە عەقلی نووسەران و هونەرمەندان دەکەن، ئەو وەختی هەموو دەبوونە برادەرم و هەموویانم لە گیرفانی خۆم دەنا بە پارەی خۆم، چونکە ئەگەر قەحپەخانەی بکەمەوە لەوان مەشهورتر دەبم، بەس کتێب سوودی نییە، ئەوە بەچاوی خۆت دەبینی وانییە؟ کەواتە قەحپە، مەشروب، ئارق، قومار ئەوانە ئەو شتانەن کە میللەتی کورد وە وەزیرەکانی کورد وە مەسوولەکانی کورد بە گەورە و گچەکەیانەوە تەشجیعی دەکەن.)) ([https://www.youtube.com/watch?v=rPB6wXP6x3Y](https://www.youtube.com/watch?v=rPB6wXP6x3Y))

ئێمە لە بارودۆخی نووسەرەکە و لەو بارودۆخەش تێدەگەین، کە کۆمەڵگای تێدایە و ناوڕۆکی پەیامەکەش دەربڕینی نارەزایەتییە لەو بارودۆخەی کۆمەڵگا و دەسەڵات، کە نرخ و بایەخی نووسەرانیان نازانن و بایەخ بە شتە پووچ و خراپەکان دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەکانی (قەحپەخانە، قەحپەی ئۆکرانی) لەو وشە تابوویانەن، کە ناکرێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن نووسەرێکی دیار و خاوەن پێگەوە دەربڕێت، چونکە هەرچەندە پەیامەکە ڕاست و دروستیش بێت، ئەگەر بە زمانێکی پاک نەگاتە وەرگر، ئەوە کاریگەرییەکەی زۆر نابێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیامەکە لێکدانەوەی نەرێنی وەردەگرێت.

-ئەدیب و مامۆستای زانکۆ:((هەرگیز دوای بەدیهێنانی عەدالەت، پاکیی مانەوە، عیزەت نەفس و ڕاستگۆیی مەکەوە ... ئاخر ئەو چەمکانە سەریّ ڕا، سەری هەزاران گەوادی پێش تۆیان ناوەتە گۆڕی ئەژدادە حیزی باپیری خۆیان و کەچی هێشتا دنیایش هەروەک خۆی، بۆنی گووی خراپەی لێ دێت... تۆ تەنێ دەتوانی ئازاد بیت و بەرپرسیاریش بیت بەرانبەر ئازادییەکەی خۆت. لەوە بترازێ، گووی زیاد مەخۆ و ڕاس –دانیشە.)) (پەڕەی تایبەتی)

لەم نووسینەدا؛ هەر یەک لە وشەکانی: (گەواد، ئەژدادە حیز، گوو مەخۆ)، وەک جوێن و وشەی نەشیاو بەکارهاتوون، سیمای وشەکان لوتکەی پیسبوونی زمانی و بێزێزییە.

ئەوانەی کە باسکران نموونەیەکی کەمن لەو سەدان نموونەیەی ڕۆژانە بەرچاومان دەکەون لەو دەربڕاوانەی سیمای پیسبوونی زمانییان پێوە دیارە، نموونەکانیش لەو جۆرە نموونانەوە وەرگیراون کە وەک پەیامی گشتی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سایت و لاپەڕەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، نەک لەو کۆمێنتانەی بۆ بابەتەکان دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە، چونکە ئەگەر نموونەی کۆمێنتەکان وەربگرین، ئەوە وشە تابووەکان بەشێوەیەکی فراوانتر و زەقتر بەکارهاتوون و وشەی تابووی ئەوتۆی تێدا بەکاردێت، کە مرۆڤ شەرم لە دەربڕین و باسکردنی دەکات و لووتکەی بێزێزییە، هەڵبەتە قسەی ئێمە لەسەر ڕەوایەتی و ناڕەوایەتیی ناوەڕۆکی ئەو پەیامانە نییە، بەڵکو باسەکەی ئێمە لەسەر ئەو زمانەیە کە پەیامەکەی پێ دەگوازرێتەوە، چونکە سەرئەنجام زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئەو وشە و دەربڕاوانە، هەم زیانی گەورە بە ئاکاری گشتیی کۆمەڵگای کوردی دەگەیەنێت و هەمیش زمانی کوردی بە ئاراستەیەکی خراپدا دەبات و سیمای فەرمی بوونی لێ دەماڵێت بەرەو زمانێکی بازاڕی دەبیات. هەروەها سەرچاوەی هەندێک لەو نموونانەی وەرگیراون لاپەڕەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تایبەتی و کەسین و بە باشمان زانی ئاماژە بە ناوی خاوەنی پەیامەکان نەدەین. هەرچەندە ئەو پەیامانەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە مۆرکی پەیامی گشتی وەردەگرن.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1 - دیاردەی پیسبوونی زمانی لە زمانی کوردیدا تا دێت زیاتر بڵاو دەبێتەوە و بەکارهێنانی ئاسایی دەبێتەوە لای کۆی تاکەکانی کۆمەڵگاو کەسانی خاوەن پێگە و کەسایەتی.

2 - شێوەی پیسبوونی زمانی لە زمانی کوردیدا زیاتر لەو جۆرەیە کە لەشێوەی جوێن و تابووی سیاسیدایە.

3 - پیسبوونی زمانی لە زمانی کوردیدا لە ڕووی ناوڕۆکەوە زیاتر لەو پەیامە رەخنەگرانانەیە، کە ئاراستەی دەسەڵات و حزبە حوکمڕانەکان دەکرێن.
4 - داڕشتەی پەیامی ئەو کەسانەی خاوەن پێگە و کەسایەتیین لە کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی پێویستدا نییە و زمانی فەرمی و لێهاتوویی زمانییان کەموکوڕییان پێوە دیارە.
5 - کۆمەڵێک هۆکار لە پشت فراوانبوونی دیاردەی پیسبوونی زمانییەوەن لە زمانی کوردیدا، لەوانە: (ئابووری، سیاسی، ئەدەبی، نەشارەزایی، دەروونی، نادادی و گەندەڵی)، بەڵام دیارترینیان ئەو بارودۆخە دەروونییەیە کە تاکی کورد پێیدا تێدەپەڕێت، بەهۆی ناجێگیری ئابووری و سیاسییەوە.

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

1 - بەکارهێنانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەگشتی و کەسانی خاوەن کەسایەتی و پلەو پایە بەتایبەتی بۆ دوورکەوتنە لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوانەی هەڵگری واتا و چەمکی تابوون و زمان بەرەو پیسبوونی زمانی دەبەن.
2 - لە قۆناغەکانی باخچەی ساوایان و پەروەردەوە منداڵان و قوتابیان بە زمانێکی پاک و دوور لە تابوو ڕابهێنرێن، ئاگادار بکرێنەوە لە کاتی دەربڕینی ئەو وشانەی سیمای پیسبوونی زمانییان هەڵگرتووە.
3 - پەنا بۆ وشە و دەربڕاوی خوازراو ببرێت بۆ گوزارشتکردن لەو چەمک و دیاردانەی وشە ڕاستەخۆکانیان بوون بەتابوو بەلای کۆمەڵەوە.
4 - پێویستە بنەماکانی لێهاتوویی زمانی لای تاکی کورد باشتر بکرێت، تاوەکو لە کاتی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیدا بزانێت چۆنی دەردەبڕێت و چ جۆرە هێمایەکی زمانی بۆ بەکار دەهێنێت، چونکە چەند ناوەڕۆکی پەیامەکە گرنگە، ئەوەندەش ئەو هێما زمانییانەی کە بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەکاردێن گرنگن.
5 - کردنەوەی خوولی شیاندنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەسانەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدان و پلە و پۆستێکی کارگێڕییان هەیە، تاوەکو بەشێوەیەکی فەرمی بدوێن و بنووسن.
6 - هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی بڵاوبوونەوەی پیسبوونی زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا. لەوانە:(خراپیی باری ئابووری، ناجێگیریی سیاسی، نەمانی متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتی سیاسی،...هتد).

**References**

**First: Reference of Kurdish Language:**


1. Ahmad, Barzan Tahseen (2022), Language Contamination, Kurdish Language as Example, Master's Thesis, College of Primary Education, Salahaddin University.
2. Faraj, Shakhawan Jalal (2011), Taboo as an example of the relationship between language and culture, PhD thesis, College of Language, Sulaimani University.
3. Faraj, Hogar Mahmoud (2000), Pragmatics and Meaning of Signs, PhD Thesis, College of Language, Sulaimani University.
4. Mohammed, BaharZair (2009), Language and Social Law, Master's Thesis, Salahaddin University.
5. Mohammed, Peshkawt Majid (2022), The role of education in reducing the use of linguistic expressions that lead to social violence. Published Research, Journal of Garmian University.

6. Mahwi, Diwani, Mullah Mohammad son of Mullah OsmaniBalkhi, Research and Interpretation of Mullah Abdulkarim Moderris and Mohammad Mullah Karim (2008), Third Edition, Kurdistan Publishing House, Iran.

**Second: Reference of Arabic Language:**

1. Abdel Aziz, Mohamed Hassan (2009), Sociolinguistics, first edition, Egyptian Book House, Egypt.
2. Abu Hussein, Muhammad Mahmoud Al-Sayed (2010), Linguistic Intangibility in Modern Linguistic Thought, Dar Al-Fikr Al-Arabi, Cairo.
3. Al-Daya, Muhammad Radwan, 2- Camel, Muhammad Jihad (2004), Arabic language and its skills at the university level for non-specialists, University Book House, Al-Ain, Emirates.
4. Al-Damen, Hatem (1989), Linguistics, Higher Education Press, Al-Musal, Iraq.
5. Ammari, Mubaraka (2021), Dialect and Society - Reflection of Social and Cultural Systems in the WadiSouf Dialect - Ph.D. thesis, University of Martyr Hama Lakhdar - El Wadi, Algeria.
6. Al-Qaisi, The Return of God (2008), Classical Arabic: Its Flexibility, Rationality, and the Reasons for Its Immortality, first edition, Dar Al Bidaya, Amman.
7. Al-Saaran, Mahmoud (1963), Language and Society, second edition, Alexandria.
8. Al-Sayed, Sabri Ibrahim (1995), Sociolinguistics - its concept and issues - University Knowledge House, Alexandria.
9. Al-Tobji, Hussein Hamdi (1987), Communication and Technology in Education, Eighth Edition, Dar Al-Qalam, Kuwait.
10. Bu Ali, Naseer Salih (2012): Arabic language and tongue violence in Arab satellite channels - an inductive and evaluative study. Media Researcher Journal, Issue (35), College of Information, University of Baghdad.
11. Damietta, Muhammad Afif Al-Din (2017), Introduction to Sociolinguistics, second edition, Lisan Arabi Library for Publishing and Distribution, Malang - East Java - Indonesia.
12. Fendris, J. (1950), Language, translated by: Abdul Hamid Al-Dawakhli, Muhammad Al-Qassas, Anglo-Egyptian Library, Cairo.
13. Ferran, Najwa (2021), Linguistic Etiquette - From Taboo to Linguistic Politeness, Journal of Arts and Languages, Volume 21, Issue 1, Algeria.
14. Hegazy, Mahmoud Fahmy (1989), Introduction to Linguistics, Dar Quba for Printing, Publishing and Distribution, Cairo.
15. Hudson, translated by Mahmoud Abdel-Ghani Ayad (1987), Sociolinguistics, first edition, House of General Cultural Affairs, Baghdad.
16. Kazzar, Hassan (2018) Sociolinguistics, first edition, Dar Al-Rafidain, Beirut, Lebanon.
17. kulmas, fluryan,Translated by: Khaled Al-Ashhab and Majdoline Al-Nuhaibi (2009), Guide to Sociolinguistics, Arab Organization for Translation, Lebanon.
18. Lewis, M.M., Translated by: TammamHassan, Reviewed by: Ibrahim Anis (1959), Language in Society, Arab Book Revival House, Issa Al-Babi Al-Halabi Press, Egypt.

19. Noussir, Saeed (2015) Sociolinguistics of Moroccan society and forms of linguistic interactions, a study of pluralism, overlap, and borrowing, BeniIznassen Press, Sala, Morocco.
20. Okasha, Mahmoud (2005), The Language of Political Discourse, first edition, Universities Publishing House, Egypt.
21. Omar, Ahmed Mukhtar (1998), Semantics, fifth edition, Alam al-Kutub, Cairo.
22. Saadeh, Jawdat Ahmed (2003), Teaching Thinking Skills, first edition, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Egypt.
23. Taima, Rushdi Ahmed (1989), Teaching Arabic to non-native speakers, its curricula and methods, publications of the Islamic Educational, Scientific and Cultural Organization - ISESCO, Rabat.
24. Taima, Rushdi Ahmed (2002), Teaching Language in Communication, The Arab Journal of Linguistic Studies, Issue 20/21, Khartoum International Institute for Arabic Language, Khartoum.
25. Taima, Rushdi Ahmed (2004), Language skills, first edition, Dar Al-Fikr Al-Arabi, Cairo.
26. Wafi, Ali Abdel Wahid (1983), Language and Society, Fourth Edition, Okaz Bookshop for Publishing and Distribution, Jeddah.

**Third: Electronic References:**

1- https://www.facebook.com/watch/?ref=search&v=1476797606420571&external_log_id=5bdd435c-7a00-45ec-a3ad-d7736d29522b&q=shar%20press
2-https://nesan.net/?id=126412
3-https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D9%82%D8%AD%D8%A8%D8%A9
4-https://www.youtube.com/watch?v=SBu-elhXxvI
5-https://www.facebook.com/Rozhi.nwee/videos/660860046045400
6-https://www.facebook.com/watch/?v=364110878821388
7-https://www.facebook.com/watch/?v=374668914000383
8-https://www.facebook.com/watch/?v=1871536403044097
9- https://www.facebook.com/101988831401290/photos/a.104679994465507/183542533245919/
10-https://www.youtube.com/watch?v=461pVwIo3-s
11.https://www.facebook.com/sulitimes/posts/678255387080597/?paipv=0&eav=AfbZWIGSbsI5848Ho9Ea3m8JkSTOV0B-XjH1wPNBgLgCPPq8P-iqc9TeyT6x1X2GQ3Y&_rdr
12-https://www.facebook.com/watch/live/?ref=watch_permalink&v=1438870643591439
13.https://www.facebook.com/skurd.net/posts/3411454192248289/?paipv=0&eav=AfYT_kgy_75SteS4qQzcgAKolYu8QWz_QJUa-Md7Pgrl2jxy9n4vBLOFRVgM9OEBNS0&_rdr
14-https://www.youtube.com/watch?v=rPB6wXP6x3Y